# بەردی هەتاو



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١ تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١

شوێنی ئاراس لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

www.araspublisher.com

ئۆکتاڤیۆ پاث

# بەردی هەتاو

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە:
**ئەحمەدی مەلا**



ناوی کتێب: بەردی هەتاو
شیعر: ئۆکتاڤیۆ پاث
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٠٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: نادیە عەزیز
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٣)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# PIEDRA DE SOL

مەکسیک ١٩٥٧

ئەم قەسیدەیە لە نێوان ساڵی **١٩٨٦– ١٩٨٨**دا لە فەرەنسییەوە
تەرجەمەی کوردی کراوە و لە گۆڤاری «دەروازە» لە ساڵی **١٩٩٣**دا
بڵاوبۆتەوە و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ دەقە ئیسپانییەکەی
بەراورد کراوە. دەسکارییەکی تەواوی کراوە

ناونیشانە فەرەنسییەکەی:
Octavio Paz
Pierre de Soleil
1957
Traduction de Benjaman Péret

ناونیشانە ئیسپانییەکەی:
Poemas
1935-1975
Editorial Seix Barral, S.A
Barcelona -Caracas- México

# پێشەکیی یەکەم

لە ساڵی ١٩٨٦وە خەریکی ئەم قەسیدەیەی "ئۆکتاڤیۆ پاث"م؛ ماوە نا ماوە دەستم دەدایە و هەندێکم لێ دەکردە کوردی و گشت جارێکیش، خۆم بەرامبەر بەکارێکی زۆر قورس و سەختدا دەبینییەوە. یەک دوو جار وازم لێ هێنا، پاشان گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە پێویستە جارێک بینووسمەوە و ئەو کاتە دوا بڕیار بدەم. بەڵام، نە بەجارێ، نە بەدووان کۆتایی بەکارەکە نەدەهات، لەو بڕوایەم بۆ ئەوەی ببێتە دەقێکی شیعریی زۆر ڕێکوپێک، ئێستاش هەندێ ئەم دیو و ئەو دیوی دەوێت. لەبەر چەند هۆیەک: یەکێک لەوانە، ئەم دەقە بەئیسپانی نووسراوە، بنیامین پیرێ تەرجەمەی فەرەنسی کردووە، بەڵام لەسەر شەهادەتی پاث خۆی، پیرێ تەرجەمەیەکی زۆر چاکی کردووە و منیش لە دەقە فەرەنسییەکەوە وەرم گێڕاوە. لەبەرئەوەی ئیسپانی نازانم و گۆڕینی ئەم دەقەشم بەکارێکی چاک هاتە پێش چاو و نەشمتوانی چاوەڕێی ڕێککەوتێکی وا بم کە ئیسپانی زانێکی شیعردۆست پەیدا بێت و ئەم دەقەمان بۆ وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

لە لایەکی دیشەوە، هەموومان ئەوە دەزانین شیعر وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا سەختە، با دەقێکی ئاسان و بێ گرێ و هێمای زۆریش بێ؛ نەخوازەڵا دەقەکەی پاث، کە لە شێوەی بازنەیەک بنیات نراوە و لە خولانەوەیەکی بەردەوامدایە؛ کۆتاییەکەی دەبێتە سەرەتا و سەرەتاکەشی بەکۆتایی.

شاقۆلیی بەمێژوودا ڕۆ دەچێ، سوود لە میتۆلۆژی گرێک و کەلەپووری شارستانییەتی ڕۆژئاوا و گەنجینەی ئەمەریکای لاتینیشی وەرگرتووە.

شاعیرێکی وەکو پاث، بەهۆی کاری دیپلۆماسییەوە، ڕۆژهەڵات دەناسێ، بەتایبەت شارستانییەتی هیندوستان. سەرەڕای پەیوەندی لەگەڵ سوریالییەکانی پاریس و نیشتەجێ بوونی لەوێ، شاعیر خۆشی سەر بەخێزانێکی زۆر ڕووناکبیرە، گشت ئەم هۆکارانە بەشدارن لە



دروستکردنی ساخوتمانی "بەردی هەتاو".

"بەردی هەتاو" لە گۆڕانکارییەکی هەمیشەییدایە، پەلوپۆ بۆ مێژووی دوور دەهاوێژێت و پەنجە بۆ نهێنییەکانی ئێستا درێژ دەکات و دەڕوانێتە تەلیسمەکانی دوارۆژ. شاعیر خاوەن ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندە، بیروڕای زۆر سوودبەخش و هەندێ جاریش سەرسووڕێنەری هەیە. پێش ئەوەی دەست بەکاری دیبلۆماسی بکات، دەگێڕێتەوە: لەژێر خانەی بانکێک کارمان دەکرد و کاغەزی دڕاوی لە کەڵک کەوتوو و کۆنمان دەسووتاند، بیریشم لەوە دەکردەوە، لە دەرەوەش، ئەو خەڵکە چەند بەهەڵپەن بۆ کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی.

پاث، لە شاری مەکسیک لە ساڵی ١٩١٤دا لە دایک بووە. هەر لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە دەست بەچالاکی ئەدەبی دەکات و سەرپەرشتی گۆڤاری" باردال" دەکات. یەکەم کۆمەڵە شیعر، "لوێنا سیلڤێستر" لە ساڵی ١٩٣٧ بڵاودەکاتەوە، شیعری ڕەمزین و ئاووهەوای تەلیسماوی بەسەریا زاڵە.

بۆ چەند ساڵێک لە ئیسپانیا نیشتەجێ دەبێ، گەورە شاعیرانی ئیسپانی و ئەمەریکای لاتینیش دەناسێ. لە ساڵی ١٩٣٨دا دەگەڕێتەوە بۆ مەکسیک و دەچێتە ڕیزی سیاسیانەوە. خۆی بۆ یارمەتی پەنابەرە ئیسپانییەکان تەرخان دەکات و لە هەمان کاتیشدا گۆڤاری" تالار" دەردەکات.

لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٤٥دا بۆ کاری دیبلۆماسی دەچێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بۆ هەمان مەبەست، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩- ١٩٥١دا لە پاریس دەژێ. لەوێ پەیوەندی لە گەڵ سورپالییەکان پەیدا دەکات و بەشێوەیەکی زەقیش لە شیعری "بەردی هەتاو" ڕەنگ دەداتەوە. شیعرەکانی پاث لە ئەنتۆلۆژی سورپالییەکاندا بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی ١٩٥٠دا، لێکوڵینەوەیەک دەربارەی واقیعی مەکسیکی دەنووسێت،

ئەم بەرهەمە لە دوو تۆی ئاووهەوایەکی سوریالی نووسراوەتەوە: "هەتاو یا هەڵۆ".

پاشان دەگەڕێتەوە و لە دانیشگای مەکسیک، خۆی بۆ دەرز وتنەوە خەریک دەکات. خۆی بەشانۆ و شانۆنامەوە خەریک دەکات." کیژی ڕاپاسینی" دەنووسێ و دەیخاتە سەر تەختەی شانۆ، ئیحای ئەم شانۆنامەیە لە حیکایەتێکی "هاتورن"ەوە وەرگیراوە.

لەساڵی ١٩٥٧ بەردی هەتاو دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٦٢دا بەنیامین پیرێ وەریدەگێڕێتە سەر فەرەنسی. لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٢دا جارێکی دی بۆ پاریس دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٦٠دا "سەربەستی ئاخاوتن" دەنووسێ و بڵاودەبێتەوە.

ئەمانە و چەندەها کۆمەڵە شیعر و وتار و لێکۆڵینەوەی نووسیوە، بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕامانەکانی لەسەر ڕۆڵی نوسەر و شوێنی لەنێو کۆمەڵگا و گرفتی کاری خولّقاندن دەنووسێ. پاث، خاوەن زمان و شێوازێکی دەم کراوەیە بۆ گشت بۆچوون و تەئویلێک.

***



## وشەیەکی زۆر پێویست

بۆ چوونە نێو جیهانی شاعیرەوە، وەرگێڕانی "بەردی هەتاو"، هەنگاوێکی بچووک و گرینگە. دەمەوێت دوا وشەم ئەمە بێت: وەرگێڕانی "بەردی هەتاو" وەرگێڕانێکی وشە بەوشە نییە،زیاتر تەئویلکردنە. لەبەرئەوەی شیعر تەنها هەر واتا و مانا نییە، وەرگێڕانی لایەنە نا-زمانەوانییەکانە کە تەرجەمەکردنی مەحاڵە. شێوەی شیعر وەرناگێڕدرێت، بەڵام ویستم دەقێکی کوردی پێشکەش بەخوێنەران بکەم. ئەمەش گوناهێکە تەنها بۆ لێخۆشبوونە، ئەگینا چۆن بتوانین پرد لەنێوان ڕۆشنبیریی و شارستانییە جیاوازەکانی دونیا چێ بکەین؟

نەخوازەڵا بۆ میللەتێکی دەستکورتی وەکو ئێمەش! پێویستمان بەوەرگێڕانی هەموو شتێک هەیە.

هیوادارم ئەم وەرگێڕانە، دوا وەرگێڕان نەبێت. لە داهاتوودا، یەکێکی لێوەشاوەتر و دەستدرێژتر و ئیسپانی زان بتوانێت بەم کارەی من دابچێتەوە و دەقێکی جوانتر و پاراوترمان پێشکەش بکات. منیش لای خۆمەوە، هەر لە ئێستاوە سوپاسی دەکەم.

ئەحمەدی مەلا

١٩٨٨ ژنێڤ-سویسرا

# پێشەکی بۆ پێداچوونەوەیەک

بەردی هەتاو لە ساڵی ١٩٩٣ لە گۆڤاری "دەروازە" کە تایبەت بەوەرگێڕان بوو، بڵاوبووەوە. خوولیای فیکرەی پێداچوونەوەی ئەم تێکستەم بەباش زانی، بەتایبەت دوای ئەوەی پێشەکییەکەم لە ئەنسیکلۆپێدای ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتینییەوە کە لە بارەی (پاث)ەوە بوو هەڵبژارد و لە ئیسپانییەوە وەرمگێڕایە کوردی و پاشان دەقە شیعرییەکەی پاث و تەرجەمەکەی خۆم و ئەوەی (پێرێ)م بەراورد کرد. لەمەڕ تەرجەمەکەی پێرێ هیچ شتێک ناڵێم، چونکە پاث خۆی ڕای لەسەرێتی، ئەوەندە نەبێ کە وشەی (despiêrtema)ی کە بەمانای "هەڵمسێنە" دەگەیەنێ، پێرێ بە ( êveille-toi) تەرجەمە کردووە کە "هەڵسە" دەگەیەنێ. ڕەنگیشە هەڵەی چاپ بێت چونکە لە شوێنێکی دیکەش هەمان وشە دووبارە بۆتەوە و بەتەواوی تەرجەمە کراوە.

ئیشی بنەڕەتی ئەوە نەبوو کە دەقە ئیسپانییەکە و فەرەنسییەکە بەراورد بکەم، بەڵکو تەرجەمەکەی خۆم، لەگەڵ ئەو دوو دەقەدا بەراورد بکەم. ئەم بەراوردکردنەش گەلێ سوودی هەبوو: یەکەم شت، لە ئاستی شیکلدا، ناکرێ دەست لە شیکلی دەقە ئەسڵییەکە بدرێت، لێرەش شیکل بەو مانایە بەکار هاتووە کە دەبێ دێڕەکان وەکو تەنها دێڕە شیعرێک بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی فیکرەی بازنەیی ڕوون بێتەوە کە مەبەستێتی پاث خۆیەتی و دەبێ لە شێوەی داڕژتنی دێڕە شیعرەکانیشدا ڕەنگ بداتەوە. جگە لەم کێشەیە، کۆمەڵێ هەڵە، چ لە ئاستی تێگەیشتنی واتا ناوەکییەکان، چ لە ڕێکخستنی وێنە شیعرییەکان، هەندێ جارییش لە هەڵبژاردنی وشە کوردییەکاندا کە زیاتر ویست و ئارەزوو بەسەریا زاڵە وەک لەوەی لە موورادیف گەڕابێتم. ئەم پێداچوونەوەیە گرینگە لە دوو خاڵدا، یەکەم بەپێویست دەزانرێت کە خوێنەر دەقێکی پێشکەش بکرێت کە لە ڕۆحی دەقە ئەسڵییەکەوە نزیک بێت، بەهیوای ئەوەی کە ئەم کارە



کەم تا زۆر ئەنجام درابێت، دووەمیش، لەسەر ئاستی مومارەسەی نووسین، کە ڕەنگبێ هەرگیز تەرجەمەیەک بەس نەبێ بۆ کارێکی شیعریی گەورە. چونکە زۆر جار ئەزموونەکانمان کەم بڕ دەکەن، نەک لەبەرئەوەی ناگەنە ئەزموونی نووسەرەکانیان، بەڵکو ئەو گۆشانەی کە هەڵیدەبژێرین بۆ ئەوەی سەیری دەقی پێبکەین هەڵەن، بەڵام هەڵەی پێویستن.

ئەحمەدی مەلا

١ /١٢/ ٢٠٠٠ ئیسپانیا

# ئۆکتاڤیۆ پاث[1]

شاعیر و باسکاری مەکسیکی لە ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی نۆبلی پێ دراوە. لە ٣١ / ٣ / ١٩١٤دا لە شاری مەکسیک لە دایک بووە، مناڵی و سەرەتای لاوێتیی لە گوندی میخکواکدا بردووەتە سەر کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەکەوتە دەرەوەی شاری مەکسیکەوە، بەڵام ئیمرۆ بەشێکە لە شارەکە بۆنوبەرامەی ئەو گوندەی باوپاپیرانە لە کارە ئەدەبییەکانیدا هەستی پێ دەکرێ: ڕابردوو و مێژووی خێزان لەلایەک؛ گەشەکردنی فزوولییەتێکی تایبەتیش بەهۆی مردن و لەناوچوونی هەندێ لە کەسوکارەکەیەوە؛ هەروەها کتێبخانەکەی باپیرەی و ئیرینیۆ پاثی نووسەر ١٨٣٦-١٩٤٢ و خوێندنەوە سەرەتاییەکانی (بەڵام هێشتا لەو کتێبخانەیەدا، کتێبی هاوچەرخی لێ نەبوو) کارێکی زۆر دەکەنە سەر شاعیر. تێرمەکانی ڕووخانی حەوشە و بان و تێکچوونی باخچەکەی – گشت ئەمانە ئیحای ئاوابوونی سەردەمێکمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەون.

چەندین ساڵ دواتر، لە ڕابردووی ڕووندا ١٩٧٥ شاعیر دەیهێنێتەوە یاد: " حەوش و دیوار، درەختەکە[2] و بیرەکە/ڕۆشناییەکەش لە شێوەی درز/ هەموو توانەوە. لە کەنارەکانی گەشەیان دەکرد/ ڕووەکە ڕوونەکان" (ڕابروو، ١٣).

پاثی تیۆریزان و خولقێنەر، (پێویستە تیۆری لێرە بەمانا فراوانەکەی بخوێندرێتەوە، مەبەست لە فلانە قوتابخانەی ئەدەبی و زمانەوانی نییە) لە سەدەی بیستەمیشدا، بەیەکێک لە دامەزرێنەرە هەرە گەورەکانی شیعری

(1) فەرهەنگی ئەنسیکلۆپیدیای ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتینی: (Diccionario Enciclopêdico de las Letras de Amêrica Latin لا ٣٦٦٨-٣٦٧٤ .

(2) لە تێکستەکەدا مەبەست لە درەختێکە کە بە ئیسپانی"Fresno"یە و بە فەرەنسیش"Frêne " پێ دەوترێت و بە عارەبیش" مران"ە بە کوردییەکەی مورادیفمان بۆی نەدۆزییەوە. (وەرگێڕ)



ئیسپانی دەژمێردرێت. وەکو خولقێنەریش خاوەن کۆ ڕوئیەیەکە کە ناوەرۆکێکی حەمیمی هەیە. لە شیعرەکانیدا ئاوێتەکردنی لەرانەوەیەکی مێژینە و نزیک دەگرێتە خۆ؛ ئەمەش چ لە ئاستی شوێندا چ لە ئاستی کاتیشدا. وەکو تیۆریزانیش، پاث توانای ئەوەی تیا بەدی دەکرێ کە بەشێوەیەکی زۆر ورد زیهنییەتی هاوچەرخانە و پەیوەندی لە گەڵ شیعر و زمان و دونیای فیزیکیدا تێکەڵکات-بەتایبەت لە کەوان و قیتارە (١٩٥٦، چ٢٠، پیاچوونەوە، ١٩٧٦) و لە ڕۆڵەکانی قوڕولیتە ١٩٧٤دا ڕەنگ دەداتەوە.

لە بواری باس و لێکۆڵینەوەشدا، پاث شوێنێکی تایبەت و دیاریی هەیە. لە ڕێگای لێکولێنەوەکانیدا موفارەقە مێژووییەکان دەردەکەون «لابیرانتی ژێر هەتاو (٥)، سێیەم بەشی تەزووی بەدیل،[3] ئەژدیها و فیلانترۆپیک»[4] هەروەها لە پەخشانەکانی پاثدا، دوو سەوابیت هەن:

١- ئیعجابی زۆری بۆ دەمامک و بەرگری کردن لە دەروونناسی، ئەمەش ڕەنگبێ لە ڕێگای کارلێکردنی فرۆیدەوە بێت، دواتریش، بە (بیرکردنەوەی لە مەڕ دەسەڵات و بناغەکانی دەوڵەتی نوێدا کە تیایا هەست بەبیرکردنەوەکانی مارکس دەکەین، دەردەکەون. لێکۆڵینەوەکانی ساڵانی حەفتا و هەشتای کە لەمەڕ سیاسەت دەگرێتەوە) لە ئەژدیها و فیلانترۆپیک ١٩٧٩ و کاتە هەورینەکان ١٩٨٦ ڕەنگ دەدەنەوە. ڕەخنە

(3) ئەم کتێبە دوای مردنی پاث بڵاوبۆتەوە کە بە "Postdata " "پۆستادە" لە زمانی ئیسپانی ناوزەد دەکرێت کە بەرامبەرەکەشی بە فەرەنسی" Post-scritum " پوست – سکریتوم"ە دەکرێ بە کوردی وشەی پاش- مەرگ پێشنیار بکرێت. (وەرگێڕ)

(4) فیلانترۆپیک .Philantropique.fr " یا فیلانترۆپیکۆ ". Filantropico. es لە دوو وشە پێکهاتووە " فیل" بەواتای دۆست یا هۆگر دێت و ئەنترۆپیک بەواتای ئینسان دێت کە لە بناغەدا وشەیەکی یۆنانییە کە فیلانترۆپیا دەخوێندرێتەوە کە بەو کەسانە دەوترا کە خۆشەویستی ئینسان دەکەنە فەلسەفەی ژیانیان و هەوڵ دەدەن کە گەشە بەبارودۆخ و هەلومەرجی ژیانی ئینسان دەدەن.

دەکرێ پێشنیاری "ئینسان دۆست" بکرێن. (وەرگێڕ)

له دیکتاتۆره ڕاسترەو و چەپڕەوەکان دەگرێت، بەکورتی ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرێت. ڕەخنەکانی ئاڕاستەی مارکسییەت نەدەکرد، بەڵکو ڕەخنە بوون لە بیروکراتییەت. (ڕژێمە مەکسیکییەکانی بە"ئەژدیها" ناودەبرد) ڕەخنە و ڕاو بۆچوونەکانی سەبارەت بەوەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا مارکسییەت شێوێندراوە و هەر وەکو دیموکراتییەتیش لە گەلێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا تووشی هەمان گێرەوکێشە هاتوون، جێی سەرنجە.

لەسەردەمی لاوێتیدا، ئۆکتاڤیۆ پاث لە ڕژێمی شاهانە زیاتر نزیک بوو وەک لە ئیدیالی شۆڕشگێڕی کە لە ساڵانی سیدا، ئەم بیروڕایانە لەنێوان ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندەکاندا بڵاوبووبووەوە و کارێکی زۆریان کردە سەر شێوەی بیرکردنەوە و کارە ئەدەبییەکانیشی تووشی گۆڕانێکی قووڵ هاتن.

هێشتا هەر منداڵ بوو جگە لە کتێبە کلاسیکییە ئیسپانییەکان، دەستی بەخوێندنەوەی ژان ژاک ڕۆسۆ و ڤیکتۆر هێگۆ کرد (یەکێ لە میمکەکانی فێری فەرەنسی کرد). کە تەمەنی دەگاتە پانزە ساڵان، چێژی بۆ خوێندنەوەی ئەنارشییەکان گەشەی دەکات. کتێبی نووسەرانی وەکو پیۆتر کرۆپۆتکین، فرانسیسکۆ فێرێر و ژۆسێڤ پرودۆم دەخوێندەوە. ئەم خوێندنەوانە کارێکی زۆریان کردە سەریی و لێرەوەش گرینگییەکی زۆری بەشەڕی ناوخۆی ئیسپانیا پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩١٣دا دەچێتە قوتابخانەی ئامادەیی نیشتیمانی، مامۆستاکانیشی ساموێل ڕامۆس و خۆسێ گۆرۆستاڤیا بوون. بۆ ساڵی دواتر دەست بەخوێندنی یاسا دەکات و بۆ یەکجارەکیش لە ساڵی ١٩٣٧ واز لەم پیشەیە دەهێنێ.

هەر لە ساڵی ١٩٣٣ەوە دەست دەکات بەخوێندنەوەی پروست و جۆیس و نیتشێ و گەلێ لە شاعیرانی هاوچەرخیش دەخوێنێتەوە. هەر لە هەمان سەردەمیشدا، هەر وەکو ئەلفرێد ڕۆجیانۆ ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: ("کەس و دەورەوبەر"٩٠) دەست بەنووسینی بەرهەمی ڕەخنەیی دەکات و ئیتر" تا دوا ژیانی خەریکی ئەم تەرحە ئەدەبییە دەبێت" و دەبنە کەرەسەی



نزیکەی بیست بەرگی کتێب کە تا ئێستا بڵاوکراونەوە. لە ساڵی ١٩٣١دا، "سوارچاک" (سانتی، ١٩) یەکەم شیعرییەتی، بڵاوی دەکاتەوە. مانگی ڕزگارکەر، یەکەم نامێلکەیە (شیعری زۆر کورتن) کە نایانکاتە ئەو دیوانەی کە لە ساڵی ١٩٣٣دا بڵاودەبنەوە.

لەساڵی ١٩٣٤ باوکی شەمەنەفەرێک لێی دەدا و دەمرێ. چل ساڵ درەنگتر، ئۆکتاڤیۆ پاث لە ڕابردووی ڕووندا باسی دەکات (بۆ خەوتوو و سکەی شەمەنەفەر/ لە ئێستگەیەکی پڕ مێش و مەگەز و تەپ و تۆز / ئێوارەیەکیان لەشە پارچە پارچە بووەکانیمان کۆکردەوە) پاشان پەرە بەخوێندنەوەکانی دەدا و دەست دەکات بەخوێندنەوەی ئەگنۆستیکێکی و هەروەها نیتشێ دەخوێنێتەوە. خوێندنەوەی"زانیاری بەختیار" دەشکرێ بەوەرچەرخانێکی زۆر گرینگ بژمێردرێ و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕۆ دەچێتە ژیانییەوە، مەفهووم و تێگەیشتنی بۆ ژیان تووشی گۆڕان دێن. ئیتر قووڵتر دەڕوانێتە ژیان و بەشێوەیەکی نیسبیش لە ژیان دەگات کە دەبنە بناغە بنەڕەتییەکانی هەموو بەرهەمە شیعرییەکانی دواتری. (ئیتر شیعرەکانی زیاتر لەسەر بناغەی نیزام و کەمتریش هەست بەرۆمانسییەت دەکەین کە لەژێر ناونیشانی ڕابردووی ڕوون بڵاودەبنەوە دەنووسێ کە بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٣٥دا پێشکەش کرا: "سبەینێ کەسێکی دی شیعر نانووسێ، نەخەونیش بەمۆسیقاوە دەبینین، چونکە کردەوەکانمان، بوونمان، ئازادانە دەبنە شیعر" (نامە هەوەڵینەکان،٧٠). مەبەستم ئەوەیە کە ئایدیالی ئەو"دۆناودۆناندنە لە شیعردا" (نووسینێک نییە بە بێ گیان) کە شاعیر هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە شیعر بەو چالاکییە بژێنێتەوە.

بڕیاری سەرەتای نووسین لەلای ئۆکتاڤیۆ پاث دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ . لەو ساڵەدا هەر وەکو خۆشی دەیوت: "لەو ساڵەدا بوو ماڵی باوک و دایک و هەروەها دانیشگا و شاری مەکسیکیشم بەتەواوی جێهێشت (سانتی، ٢٦). لە مانگی (کانوونی دووەم یا شوبات)دا دەچێتە یوکاتان و بۆ منداڵە جوتیارە هەژارەکان قوتابخانەیەکی ناوەندیی

دەکاتەوە و دەبێتە هاوسەری ئێلێنا گاڕۆس کە درەنگتر دەبێتە ڕۆماننوس. بەهۆی داواکاری پابلۆ نیرۆدای شاعیریش، کە پێشتر شیعرەکانی پاثی خوێندبووەوە. مەبەست لە "ڕەگی سێبەر"ە، بۆ کۆنگرەی جیهانیی نووسەرانی کە ئامانجیان بەرگری کردن بوو لە نووسەران، بانگ دەکرێت. پێشەکی لە سەرەتای مانگی تەمووز لە پاریس کۆدەبنەوە، پاشان لە بەرسەلۆنە، ڤالانسیا و دواتریش لە مەدرید.

بەهۆی ئەو کۆنگرەیەوە، پاث نیرۆدا و ڤیسێنتێ ئۆیدۆبرۆ و مانوێل ئەلتۆلاگیرێ و ڕافایل ئەلبێرتی و لویس ثێرنودا و ئەندرێ مالرۆ هیترانی تر دەناسێت.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە پاث یەکێکە لەو سیانەی کە بەگەورەترین شاعیری ئیسپانئەمەریکی دەناسرێت؛ دووانەکەی تریش مەبەست لە ڤالێخۆ، نیرۆدایە. هەر بەرێککەوتیش لەسەردەمێکی جەنجاڵ دەژین، بەتایبەت بەنیسبەت ئیسپانیاوە. بۆ یەکێکی ڤالێخۆ، ئیسپانیا ئیسپاتی هەستی تراژیدیای ژیانی لە لا دەچەسپێنێ؛ نیرۆداش مەنزووری بەرامبەر بەژیان تووشی گۆڕانکاری دەکات کە لە ئەزموونی بەرەنگاریی و خۆ بەخاکەوە بەستن تەعبیریی لێ دەکرێت کە بەموساوەمەی سیاسی و ئینتیباعێکی نوێی بەرامبەر بەمێژوو و سروشت کە پاشان لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە، دەکرێ بخوێندرێتەوە. لای پاثیش، لەو سەردەمە بەدواوە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوودەدات و کاژی لاویی و ئیدیال فڕێ دەدات. (لە هەمان کاتیشدا بەسەرچوونی وەهمیش دەژمێردرێ) سەبارەت بەژیانی هاوچەرخ.

بێ گومان بەبێ ئەو ئەزموونە واتە سەردانی ئیسپانیا، پاث نەیدەتوانی شیعرە نایابەکەی بنووسی، مەبەست لە بەردی هەتاوە **١٩٥٧**. لەو شیعرەدا، خۆشەویستیی و توندوتیژی بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە و شاعیریش گەشە بەمەفهوومی زەمەنی بازنەیی مەکسیکی دەدا و ژمارەی دێڕەکانیشی وەکو خولانەوەی ئەستێرەی زوهرەیە کە **٥٨٤** خوولانەوەیە،



دەردەکەوێ، (پاث، نایابو **٩١٠٢**) هەروەها شەڕی ناوخۆی مەدرید تیایا ڕەنگ دەداتەوە.

لەنێوان سالانی **١٩٣٨** (سالّی گەڕانەوەی بۆ مەکسیک) و **١٩٤٣**دا، دەست بەکاری ڕۆژنامەوانی، ڕەخنەیی، چالاکی ئافراندن دەکات. دەست بەدەرکردنی گۆڤاری تاجێر **١٩٣٨- ١٩٤١** و کوڕی پەدیدە **١٩٣٤** دەکات. هەروەها لە "میللی"دا **١٩٣٨-١٩٤٠**، کۆمەڵێ گوتاری سیاسی بڵاودەکاتەوە. میللی گۆڤارێکی بوو کە ڤیسێنتێ لامبۆردۆ تۆلێدانۆ سۆسیالیست دەریان دەهێنا. بەهۆی تێپەڕبوونی چوارسەد ساڵ بەسەر لە دایکبوونی سان خوان دو لە کروثیشەوە **١٩٤٢**، گوتارێکی هەرە بەناوبانگ لە چلەکاندا دەنووسێ: شیعریی هەتاویی و شیعریی کۆمینیۆنە[5] (جارێکی دی لە نامە هەوەڵینەکاندا بڵاو دەبێتەوە، **٢٩١- ٣٠٣**). کە ئیتر پاث هەست" بەحەنین و سۆز دەکات بۆ ئەو سەردەمانەی کە ئینسان لەگەڵ دونیا و بەرهەمە ئافراندراوەکانی یەکبوون" (هەمان سەرچاوەی پێشوو، **٣٠٣**) کە هەست بەهەندێ لە قەدەرییەت سەبارەت بەنوێخوازی دەکەین. لە سالّی **١٩٤٤**دا زەمالەیەکی بۆ دەردەچێت کە بەزەمالەی گوگێنهایم بەناوبانگە یارمەتی شاعیر دەدات بۆ ماوەی سالێک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بژێت، "ئەزموونێکی مەزن، کە هیچی کەمتر نەبوو لە ئەزموونەکەی ئیسپانیای" (گیبێر، **٢٣١**). بەری سەرەکی ئەم ئەزموونەش کتێبێکە بەناونیشانی لابیرانتی ژێر هەتاو **١٩٥٠**، چاپی دووەم، پیاچوونەوەی **١٩٥٩**، ئاووهەوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یارمەتی نووسەر دەدات و دەبێتە بناغەیەکیش بۆ ئەوەی پێناسەی مێژوو (ڕۆشنبیری مەکسیکی پێ بکات: کائینێکە لە شناسنامە دەگەڕێ ئەویش لە چەند هەلومەرجێکی تایبەتیدا، دوورییەکانی کەشی نوێژ و پاڕانەوە، مارەبڕین، شۆڕش و چەژن و خەبات... هتد ڕوون و یەکئالادەبنەوە.

(5) وشەیەکە تایبەت بەفەرهەنگی مەسیحییەتە کە بەمانای پەیمان بەستن، تێکەڵبوون، هەست بەئینتیما کردن بەگروپ دێت. دەشکرێ مانایەکی عەلمانی بدرێتێ. (وەرگێڕ)

له ساڵی ١٩٤٥دا دەچێتە پاریس و ئەندرێ بروتۆن دەناسێ و لەوەش بەدواوە بیروبۆچوونەکانی سوریالییەت و ئیرۆتیک و پیرۆز بەئاشکرا لە بەرهەمەکانی پاش ئاوێتە دەبن و ڕەنگ دەدەنەوە. هەر لە ساڵی دوایی تاکو ساڵی ١٩٨٦ بەگەڵێ کاروباری دیپلۆماسییەوە خەریک دەبێت (لە سان فرانسیسکۆ، نیویۆرک، پاریس، تۆکیۆ، دەلهی) بەڵام لەنێوان ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٩دا بەشێوەیەکی تایبەت لە مەکسیک دەژێت و بەشداریی دەکات لە دەرهێنانی گۆڤاری ئەدەبی مەکسیکی کە لە لایەن ئیمانوێل کاربالۆ و کارلوس فوێنتاس دەردەچێ و هەر کارلۆس خۆشی دەبێتە خاوەن ئیمتیازی. لەم سەردەمە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی کەوان و قیتارە ١٩٥٦ و لابیرانتی ژێر هەتاو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی وەکو هەرمێ و درەختی بەردار ١٩٧٥ کە وردیی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن دەبنە خەسڵەتی ئەو دوو بەرهەمە، بڵاودەبنەوە. لە هیندستان، لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ دووەم جاردا ژن دەهێنێ، ژنی دووەمی ناوی ماریل خۆسێ ترامینییە.

کتێبی هەرە گرینگی کە بەپەخشان نووسیبێتەوە (ڕەنگبێ پەخشانێکی شیعریی بێ) ئەویش کەوان و قیتارەیە. ڕێککەوتیش نییە کە لەنێوان چاپی یەکەم و دووەمیشدا، پاش نایابترین شیعر بنووسێ: بەردی هەتاو، وێسگەی توندوتیژیی، سیمرغ و سپی و بەشێکی زۆری قەبرغەی ڕۆژهەڵات ١٩٦٢-١٩٦٨ دەنووسێ. لە کەوان و قیتارە باس لە زیهنییەتی سەردەمی نوێمان بۆ دەکات و باس لە موفارەقەکانی هونەری لیریکی دەکات (ئەزموونی شیعر تەنها لە ڕووبەری زماندا دەکرێ تەعبیری لێ بکرێت و بەس، هەروەها تەنها زمانیش دەتوانێ تەعبیری لێ بکات)(کەوان و قیتارە، چاپی دووەم، ١١١) و هەروەها باسی ئەو پەیوەندییە تەنکەش دەکات کە لەنێوان مێژوو و شیعردا هەیە (قەد وەکو دوا سی ساڵانی ژیانی، چالاکی شیعریی و مومارەسەی کردە شۆڕشگێڕیەکان هەندە نەگونجاو دەرنەکەوتوون. بەڵام شتێکیش پێکەوە گرێیانی دەدا) ئەم "شتەش" کە ڕۆڵی گرێدانی دەبینی، دەبێتە بناغەی



هەموو بەرهەمە لیریکییەکانی.

بەم جۆرە، شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا و ئەو قۆناغەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشتەجێ دەبێ دەبنە ئەزموونە بنەڕەتییەکانی شاعیر و ڕووداوی تریش بێ گومان بەشدار دەبن لە دروستکردنی ساخوتمانی کارە پەخشانیی و شیعرەکانی: وەکو ئەو قەسابخانەیەی کە بۆ ٣٠٠ قوتابیی ساز کرا، ئەویش لە گۆڕەپانی تلاتێلۆکۆ، لە ٢ تشرینی یەکەم، ساڵی ١٩٦٨ و ئیقامەی جەبریش بۆ خولیا گراسیا شێرێر لە ساڵی ١٩٧٦ دەردەچێ. شێرێر بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ئێکسێلسیۆر (لە لایەن سەرۆکی کۆمار، لویس ئێشڤێریا، کە لەو سەردەمەدا شێرێر ڕەخنەیەکی زۆری لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامەکەی دەگرێ).

ڕووداوەکانی تلاتێلۆکۆ وا لە پاش دەکەن کە ئیستیقالە لە کارەکەی بدات، ئەو سەردەمە باڵیۆز دەبێت لە هیندوستان، هەر لە ساڵی ١٩٦٢ەوە خەریکی ئەو کارە بوو و وای لێ دەکات کە پۆستداتا بنووسێ (چاپی یەکەم، ١٩٧٠، پاشان هەر لە هەمان ساڵدا، دوو جار چاپ دەکرێتەوە) مەبەست لەو بەرهەمەی پۆستادیش، لابیرانتی ژێر هەتاوە.

بەهۆی ڕووداوەکانی ١٩٧٦، بڵاوکردنەوەی مانگنامەی پلوریال دەخاتە لاوە کە هەر خۆشی ئەم گۆڤارەی دامەزراندبوو و هەر لە ساڵی ١٩٧١یشەوە بەڕێوەی دەبرد. لەژێر چاودێری ڕۆژنامەی ئێکسێلسیۆر کە لە جیاتی گۆڤارێکی تر لەژێر ناونیشانی ڤوێلتا دەردەچوو. لەلایەکی دیشەوە، خولیا گراسیا شێرێر پرۆسێس دەردەهێنێ، هەفتەنامەیەکە تەنها خۆی بەبابەتی سیاسییەوە خەریک دەکرد و تاکو ئێستاش بابەتی ڕەخنەیی سیاسی و سەربەخۆ دەردێت.

ڕووداوەکانی گۆڕەپانی تلاتێلۆکۆ (هەر وەکو مانگنامەی پلوریال) گومان لە مەڕ سیاسەتەوە لەلای شاعیر دروست دەکەن. ئەم هەستەش لە گشت ئەو بەرهەمانە دەردەکەوێت بەتایبەتی لە بەرهەمی پۆستدات. بەڵام سەرەتا بیر لە بەرهەمە شیعرییەکانی دەکەینەوە کە هەر لە سەرەتای ١٩٧٦

ڕچەیەک دەکرێتەوە کە بەردەوام لە چمکی مێژوویی دووری دەکەوێتەوە و زیاتر لە توخمە زمانەوانییەکان نزیک دەبێتەوە. هەروەها دەبێتە هەوێنی ئافراندن لای، بەم واتایە، ئیلتیباس و دوو واتایی و تامێکی گاڵتەجاڕی لە کارەکانی ڕەنگ دەدەنەوە. هەروەها بەرهەمی ئیحابەخشن و هەست بەسەربەخۆیی لەو کارانە دەکەین: لێرەدا دەنگێکی غەریب و بیرکردنەوەیەکی سەیر و سەمەرە تێکهەڵکێشی بەرهەمە شیعرەکانی دەبن و خودی لیریکی (sujeto lirico الذات الغنائية) ئاوێتەی خودێکی دی دەبێ کە دەکەوێتە چرپە چرپ لەگەڵی و تیایا ڕۆ دەچێ و دەیوروژێنێ. کێشەی ئەم پەیوەندییەش، واتە لەنێوان مێژوو و شیعردا، بەشێوەیەکی تایبەت لە "نیشانەکانی خولانەوە" ١٩٦٥ کە بەجۆرێکی دی لە ڕابردووی ڕووندا ١٩٧٥ دەردەکەون "بوون بەکات واتە حوکمدان، ئازاری ئێمەش مێژووە"، هەر لە ١٩٧٦ زۆر بەڕوونی نابینرێ، بەڵام حزووری بەکەمیش دەرناکەوێ.

گۆڤاری ڤوێلتا، کە ژمارەی یەکەمی لە گەلاوێژی هەمان ساڵدا دەردەکەوێ، ڤوێلتایەکی پاشکۆش وەکو نامیلکەیەکی شیعریی، دوو مانگ دوای دەرچوونی گۆڤارەکە دەردەکەوێ.

لە یەکەم شیعریی ئەو کۆمەڵەیە وەرچەرخانێک بەو وێنە شیعرییانە دەدات کە ڕابردووی شاعیری تیا ڕەنگ دەداتەوە، "عەدەن هەڵدەوەشێ"، کە وەکو ئێپیگراف بەکار هێناوە، لە شیعریی ڕامۆن لۆپێت ڤێلاردێ(٥) دەردەکەوێ. شاعیر ئینتیباعی ئەوەمان دەداتێ کە لە هەمان کاتدا لە ئاو و هەوایی شار و فەنتاسما دەژێت و لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی ئەو ئاووهەوایە دایە. لە " بون بەبەرد و بەرداندنی ئەویتر"[6] کە لە هەمان کتێبدا ئاووهەوایەکەمان بۆ دەبووژێنێتەوە کە لە مۆد و ستیلی ڤانسان ئویدۆبرۆ دەکات کە لە کتێبی ئەلتەئۆردا هەستی پێ دەکەین (٥) کە بە موغامەرەیەکی برگەیی دەکرێ بخوێنرێتەوە.:

(6) التحجر والتحجير.(وەرگێڕ).



"Terramuerta / ... terrisombre nopaltorio temezquible/ lodolsa cenipolvapedrosea”

(ڤوێلتا، ٦١)، بەم جۆرە تەعبیر لە ڕوئیایەکی دەکات کە لە دەرەوەی مێژوودابێ، د.ف، شاری ئەفسووناوی. بەڵام ئاڵوزیی لایتمۆتیفی وشەکان لەم شیعرە نە ئیحتیفالییە و نە کەرنەڤالییە، بەڵکو بگرەو بەردەیەکی هەمیشەییە لەنێوان هەست بەئێستایی کردن و هەست بەبەتاڵیی کردنە: هەوا، تاریکیی، ئەو ساتەوەختانە کە ون دەبن، "چرپی بێدەنگی".

بەڵام بەپێزیی وشە لەلای شاعیر، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پاش کابرایەکی جیدییە: جا بۆ نموونە، ئەو ئینتیباعانە بێت کە لە ڕابردووی شاعیرەوە بەرەو ڕوومان دێن یا کە لە" شەوی سان ئیلدێفۆنسۆ" (ڤوێلتا، ٧١-٨٣) دا پێشکەشمان دەکات، دەردەکەون، یا لە ڕوئیایەکی حەشرئامێزدا کە "دیمەنی سەرووی یاد"دا پێشکەشمان دەکات، شیناریۆن کە دەست بەسەر تخووبەکانی گرتن ئاسان نییە و بەڵام هەرەشەش دەکەن بەو مانایەی کە ڕابردووی و ئێستا و داهاتوو تێکەڵ یەکتر دەبن:

ڕۆژ/ێک/ لە قەد تاڵە ئاسن دا/ گلۆپەکان شەق دەبەن/ ڕۆژ/ێک/ بۆرە بۆری ڕووباری ماتۆرەکان/ بێدەنگ دەبن/ڕۆژ/ێک /ئەم خانووانە دەبنە گردو تەپۆڵکە/ جارێکی دی/ بایەکانی نێو بەردان/ بە تەنها دەدەوێن/ لار/ لەنێوان سێبەران/ ناسێبەران/ وەک شێن/ دەکەونە/ سەر زەمین/ هەمیشە و وەک ئێستا/ وەک/بەفری/ملیۆنان ساڵی/ لەمەو بەر/ (ڤوێلتا، ١٩).

لە پۆستاداتا، پاش ڕەنگێکی مێژوویی دەداتە کارەکەی و ئەم کارەش بەشێوەیەکی جەوهەری کاری لێ کردووە: هەرەم، بەجۆرێکی تەواو وێنە شیعرییەکانی پێشوو نوێ دەکاتەوە، لابیرانتی میتافیزیکی، بەرهەمە هەرە ناودارەکەی. بەجۆرێکی گاڵتەجاڕ، شاعیر ئەم هەرەمە لەگەڵ ئۆڵومپیدا هاوجووت دەکات، ئەم کارە لە شاری مەکسیکدا، لە هەمان ساڵ ١٩٦٨دا ئاهەنگی بۆ ساز دەکرێت، ئەویش لە گۆڕەپانی تلاتێلۆکۆ بوو." ئۆڵومپی و تلاتێلۆکۆ"، لە ڕاستیشدا، دواتر دەبنە ناونیشانی سی بەرهەمی.

سیەمیشدا، (ڕەخنەی هەرەم) کە مەکسیکییەکان ناچار دەکات کە "تەفسیرێکی" نوێی مێژووی شاعیر بکەن. لەتەنیشت ئۆلۆمپیدا، "یاری"یەکی دیکە دروست ببوو، دەکرێ ئەویش بەتۆبەکردن، سەماکردن، یا قوربانی دانێک بچوێندرێ: "هاوکێشەی سەماکردن= قورباندان وەکو ڕەمز لە هەرەمدا دووپات دەبێتەوە: لەسەر پلاتفۆرمی ئەم لوتکەیەشدا پانتاییەک یا فەزایەکی پیرۆز دەردەکەوێ کە سەمای خوداوەندان نیشان دەدرێن، لەسەر کێشی یارییەکی خالیقانەیە کە لە زەمەنی ئینساندا ڕوو دەدات. (پۆستداتا، ١٢٠). وێرانکارییەکی خەلاقانەی ("i;e" قوربانییەکی ئاینیی زۆرەملێیە) خوداوەندانە کە مەبەستیشی، هەروەکو خۆشی پێمان دەڵێ، بەکار و کردەوەکانی کوشندەکانی حکومەتی "PRI "ی دەشوبهێنێ کە مەبەستیش لە حیزبی شۆڕشگێڕانەی دەستوورییە، ئەوەی کە کەش و تەقسە سامناکە کۆنەکان لەسەر ڕیتمی نوێ، زیندوو دەکاتەوە:

لەو پەڕەگرافەی سەرەوە پەنجەنۆمای ئەو وێنە مێژوویانە دەکەم کە پاث لە پەخشانەکانی بەکاری هێناون، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە لە ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٧دا شاعیر چێژتنی. لەو سەردەمە بەدواوە ئیتر فیکر و تێڕوانینی شاعیر بۆ کێشەکانی دونیا تووشی گۆڕانکاری دێن، واتە هەڵوێست بەرامبەر بەسیاسەت وەردەگرێت. تووشی گومان هاتن وای لێ دەکات کە ئەو شیعرانە بنووسێ کە لە گۆڤاری ڤوێلتا بڵاوبوونەوە، بەتایبەت لە درەختی ناوەوەدا ١٩٨٧ کە بەردەوام زیاتر گرێکی ناوەکی دەداتە ئیشەکانی و زۆر جاریش" تۆ" لە "من" جودا ناکرێتەوە. لەم شیعرانەدا، تەعبیرێکی غەریب لە جێگۆڕکێی خود دەکات، زمانیش بەم تەرحە شت و کەسەکان دەقۆزێتەوە، تەنانەت نووسەر خۆشی دەگرێتەوە :"دونیا بینین مەبەست لەوەیە کە بیتوێنێتەوە./ ئاوێنەی ئاخاوتن: لە کوێ بووم؟/ وشەکانم لە گۆڵەکانەوە تێم دەڕوانن" (ڕابردووی ڕووندا،١٥).

لەلایەکی دیشەوە، شاعیر خۆی دوورەپەرێز ناگرێت، بەڵکو پێش و



پاشخستنی هەندێ پانتایی و ئەو فەزایە: دونیای نیشانەکان و زمان، تەنهایی خەلاق، جەنگەڵی سێکسوال، لەو کارانە خۆ ئاشکرا دەکەن. بەرهەمە هەرە پەخشانییەکەی کە ڕەنگی گێڕانەوەی بەسەرەوەیە، ئەویش مەیموونی ڕێزماناناسە ١٩٧٤، کە زیاتر هەروەها بەبەرهەمێکی تیۆری دەژمێردرێ. لەسەر ئەفسانە هیندییەکان بناغەی بەستووە و مەبەست لە مەیموونێکە کە توانای فڕینی هەیە و لەمەش زیاتر زانایەکی زمانەوانییە نەوعییەتێک لەو گیاندارانەیە کە پرێ پۆست[7] جاکۆپسۆنی ئەم بەرهەمە، کارێکی ئاڵۆزە و لە مەڕ ئیرۆتیکەوە دەدوێ و هەروەها لە هەمان کاتیشدا وەکو ئیستیعارەیەکە لەمەڕ پرۆسەی شیعریی یەکتری هێناوە: ڕچە نووسینە، نووسینیش جەستەیە و جەستەش جەستەکانە (جەنگەڵ). هەروەها لەم نووسینانەدا هەست دەکەین کە دەگەینە خاڵی پێکگەیشتن، لە کۆتایی ڕچەشدا، لێرە جەستە وەکو تێکڕاییەک بەشداریی دەکات، هەروەکو ڕەوانبین، بەڵام توانای دەست لێدانمان نییە: جەستە هەمیشە لە شوێنێک دیکەی جەستەیە (مەیموون. ١٢٣). هەمیشە (لە شوێنێک دیکە) ئەوە دەگەیەنێ کە ناگەینە مەبەست: ئەمەش تێمی بنەڕەتی بەرهەمە لیریکییەکانی شاعیرە.

بەشی هەرە زۆری ئەو کارانەی کە پاث لە ساڵی ١٩٦٨ەوە نووسینی (ڕووداوەکانی گۆڕەپانی تلاتێلۆکۆ، نیشتەجێ بوونی لە پاریس، لە شیکاگۆ و براغ) هەست بەوە دەکرێ کە شاعیر مەسافەیەک بەرامبەر ناواخنە مێژوویی -ڕۆشنبیریی کە لە بەرهەمەکانی پێشوویدا هەستی پێ دەکرێ، وەردەگرێت. ڕووداوی هەمەچەشن (مەبەست لەو ڕووداوانەی کە پێش ساڵی ١٩٨٦ و دوای ئەم ساڵەش ڕوویان داوە) ڕۆڵی خۆیان لەم خۆ دوورەپەرێزە دەبینن:

١- ژیانی لە وڵاتانی دەرەوە هەر لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە.

٢- نزیکبوونەوەی لە کولتووری ڕۆژهەڵات کە ئیحای دەدەنێ لە نووسینی

(7) پێش- پاش جاکۆپسۆنی.

مەیموونی ڕێزمانناس و هەروەها لە بەرهەمە شیعرییەکەی لادێرێ ئێستا ، لەم بەرهەمەدا تموحی دونیای ئەزموونبازی بەسەر دونیای تەجریددا زاڵە (سپی).

٣- تووشی شکست هاتن لە بواری سیاسەتدا بەتایبەت لەمەڕ سیاسەتی چەپی ئەو ساڵانەی دوایی.

٤- ئارەزووی زۆری بۆ کارکردن. زمانی شیعرەکانی پاش جێگۆڕکێ بە واقیع دەکات لە جیاتی ئەوەی بیقۆزێتەوە.

بەڵام شاعیرە هەرە باتینییەکان هەمیشە شتێک لەمەڕ هۆشیاریی مێژوویییەوە دەڵێن. لەلایەکەوە تەعبیری "ڕچە نووسینە و نووسینیش جەستەیە" هەروەکو لە مەیموونی ڕێزمانناس دووپاتی دەکاتەوە، لەلایەکی دیشەوە، چمکەکانی: مێژوو، ناسیۆنالیسم و توندوتیژیانەی کە لەم سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا سەرنجی شاعیر ڕادەکێشن، یەکئالآ دەبنەوە.

لەو خیتابەی کە لە بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئادابەوە کە لە مانگی کانوونی یەکەمدا وەریگرت، پاش باسی ئەوە دەکات کە هەر لە منالییەوە لە "ئێستا تووڕ هەڵدرابوو" لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تەعبیری لەم هەستە کردووە"، کاتێ لە فوتۆگرافییەکدا لە گۆڤارێکی ئەمەریکیی، مەسیرەی سەربازیی لە شەقامێکی پانوپۆڕدا دەبینێ. "لە جەنگ دەگەڕانەوە"، هەروەکو یەکێ لە ئامۆزا گەورەکانی باسی دەکات. بۆ پاتی منالڵ، وای دەزانێ کە ئەم جەنگە" لەسەردەمێکی تردا ڕووی دابوو" (خیتابەکان، ١١). لە بینینی ئەو فۆتۆگرافەوە، شاعیر هەستی دەکرد کە لە ئێستا دوور دەکەوێتەوە و ئیتر شتێک لەلای پاش ڕووی دەدا ئەویش ئەو پەیوەندییەیە کە لە شیعرەکانیدا چاومان پێی دەکەوێ "ئیتر هەر لەو کاتەوە زەمەن تووشی کەرت بوون دێت و هەر بەو گوێرەیەش شوێن دەبێتە شوێنەکان".

پیتەر گ. ئیارلێ

وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە ئەحمەدی مەلا



# سەرنج

هێماکانی ڕۆژمێری مەکسیکی لەگەڵ ڕۆژی چواری ئۆلین واتە بزووتنەوە و ڕۆژی چواری ئێکاتل واتە با کە لە سەرەتا و کۆتایی بەردی هەتاودا دەردەکەوێ، ڕێک دەکەوێت. دەبێت پەنجەنۆمای ئەوەش بکرێت کە ئەم قەسیدەیە لە ٥٨٤ دێڕی ١١بڕگەیی پێکهاتووە. ئەم ژمارەیەش لەگەڵ خوولانەوەی ئەستێرەی زوهرەدا ڕێک دەکەوێت. دانیشتوانی مەکسیکی کۆن خوولانەوەی تەواوی ئەم ئەستێرەیەیان دەژمارد، (ئەو ئەستێرانەی کە بەچاوی ڕووت دەبینران) هەر لە سەرەتای ڕۆژی چواری ئۆلینەوە و ڕۆژی چواری ئێکاتلەوە دەستی پێدەکرد کە ٥٨٤ ڕۆژی دەخایاند و بەسەرەتای قۆناغێک و کۆتایی قۆناغێکیش دەژمێردرا.

ئەستێرەی زوهرەش لە دوو حالەتدا دەردەکەوێت: یا وەکو ئەستێرەی بەیان (فۆسفۆروس)، یا وەکو ئەستێرەی ئێوارە (ئێسپێروس)ە. ئەم دووانەیەش، (لویسفێر و ڤێسپێر) هەمیشە جێی سەرنج ڕاکێشانی گەلێ لە دانیشتووانی شارستانییە جوداوازەکانی دونیا بووە. هەروەها وەکو ڕەمز یا وەکو ژمارە یا ئەوەتا وەکو ئەوەی کە ئیلتیباسی جەوهەری گەردوونی بگەیەنێ، دەخوێندرایەوە. بەم جۆرە، ئێکاتل خوداوەندی با، بەتەجەلای کێتزالکۆتال دەدرایە قەڵەم، مەبەست لەو مارەیە کە لەشی بەپەڕ داپۆشراوە و دوولا تەرازووی ژیانی لەژێر ڕکێف دایە. دەدرێتە پاڵ مانگ و ئینسانییەت و ئاو و ڕووەکی تازە ڕسکاو و مەرگ و بووژانەوەی سروشت. ئەستێرەی زوهرە بۆ دانیشتوانی دەوروبەری حەوزی ناوەڕاستیش، وێنە دژوارەکان و فرە هێزە: خانمی هەتاو، بەردی قۆقز، بەردی سفت (بیرمان بۆ داری خۆشەکراوی "تاویسم" ڕادەکێشێت) کە جووتە خوداوەندی پاوسانیاس دەگرێتەوە.

بنیامین پێرێ

## بەردی هەتاو

سیەمین کەس دەگەڕێتەوە... هەمیشەش هەر یەکەمیانە؛ هەروەها هەمیشەش هەر تەنهایە یا ئەوەتا تاقە ساتە. ئەرێ تۆ شازادەی، هۆ تۆ! یەکەمی یا دواهەمی؟ ئەرێ تۆ پاشای، تۆ کە تاقە عاشق و دوا عاشقیش بیت؟

ژیرار دی نێرڤال،

"ئەرتێمیس"

شۆڕەبییەکی کریستالین، چنارێکی ئاوین،
فوارەیەک کە با دەیچەمێنێتەوە،
درەختێکی جوان چێنراو هەمیشە سەما دەکات،
ڕچەی ڕووبارێ کە دەچەمێتەوە،
پێشدەکەوێ، دەکشێتەوە، لار دەبێتەوە و
هەمیشەش هەر دەگا:
ڕچەیەکی هێمنی
ئەستێرە یا بەهارێکی بێ پەلە،
ئاو پێڵوو داخراو
کە بەو شەوگارە پەیامبەرایەتی لێهەڵدەقوولێت،
حزوورێکی هەموو لەسەر ڕێکەوتووی شەپۆلاوی،
شەپۆل دوای شەپۆل تاکو هەمووی دادەپۆشێ،
دەسەڵاتی سەوزی بێ کازێوە
وەک چۆن باڵ تووشی شاگەشکە دەبێ
کاتێ لە ئاسمان دەکرێتەوە،

ڕچەی نێوان دەوەنی چڕی
ڕۆژانی داهاتوو و شووم
بریسکانەوەی کارەسات هەر بەباڵندە دەکات
کە بەنەغمەکانی جەنگەڵ دەکاتە بەرد و
بەختیارییە مەزنەکانی
نێوان چڵەکان دەبوورێنەوە،



ساتەکانی ڕووناکی کە خێرا باڵندە دەنووکی لێ دەدەن،
لێکدانەوەکانی داهاتووش لەنێو قامکەکاندا فیچقە دەکەن،

حزوورێک هەر لە گۆرانییەکی کتوپڕ دەکات،
هەروەکو با کە لەنێو گڕدا گۆرانی بچڕێ،
ڕوانینێک کە جیهان و دەریاکان و چیاکان
بەهەڵواسراوی دەهێڵێتەوە،
ڕانی ڕووناکی، سکی ڕووناکی، کەنداوی بچووک،
گابەردی هەتاوین، جەستەی ڕەنگ هەورین،
ڕەنگی ڕۆژگارێ خێرا کە قەڵەمباز دەدات،
سات دەبریسکێتەوە و شێوە وەردەگرێت،
جیهان وا لە لەشتدا دەبینرێت،
ڕوونیشە لەنێو ڕوونیتدا،
وا دەچمە نێو قاوشەکانی دەنگەوە،
دەچۆڕێمە نێو ئێستاکانی زایەڵەوە،
بەنێو ڕوونییەکاندا وەکو کوێر هەنگاو دەنێم،
تیشکدانەوەیەک دەمکوژێنێتەوە،
لەنێو یەکێکی دی لە دایک دەبمەوە،
ئای بۆ جەنگەڵی کۆڵەگەی ئەفسووناوی،
بەژێر کەوانە ڕووناکەکانەوە تێدەپەڕم
بەنێو تێپەڕگەکانی پاییزێکی بێ ڕەنگ،

هەروەک بەنێو جیهاندا بەنێو لەشتدا تێدەپەڕم،
سکت گۆڕەپانێکی ژێر هەتاوە،
مەمکەکانت دوو کلێسەن کە خوێن پیرۆزبایی
لە هاوتەریبییە غەیبییەکانی دەکات،
وەکو لاولاو ڕوانینەکانم داتدەپۆشن،
تۆ شارێکی کە دەریا گەمارۆی داوە،
شوورەیەکی کە ڕووناکی
وەکو دوو کەرتی ڕەنگ هەڵووژەیی شەقی کردووە،
شوێنێکە بۆ نمەک، بۆ گابەرد و باڵندەکانی
ژێر یاسای نغرۆی نوێژنیوەڕۆ،
بەڕەنگی ئارەزووەکانم پۆشتەی
وەکو بیرکردنەوەکانم بەڕووتی تێدەپەڕی،
بەنێو چاوانتدا گوزەر دەکەم هەروەکو بەناو ئاودا،
پڵنگان لەنێو ئەو چاوانەدا خەون دەخۆنەوە،
فیسقەیەک بەکڵپەکانی خۆی دەسووتێنێ،
بەنێو تەوێڵتدا گوزەر دەکەم هەروەکو بەناو هەوردا،
وەکو هەور بەنێو بیرکردنەوەکانتدا،
بەرەو سکت دەڕۆم هەروەکو بەناو خەونەکانت،

مینیجۆبە گەنمەشامییەکەت کەرویشکە دەکات و
گۆرانی دەچڕێ،
مینیجۆبە کریستالییەکەت، مینیجۆبە ئاوییەکەت،



لێوەکانت، قژت، نیگاکانت،
تێکڕای شەو تۆ دەباریت، تێکڕای ڕۆژ
بەقامکە ئاوییەکەت سینەت دەکردمەوە،
چاوانمت بەزاری ئاوین دادەخست،
بەسەر ئیسقانەکانمدا دەباریت، بەنێو سینەمدا
ڕەگی ئاوینی درەختێکی شل ڕۆ دەچێ،

بەناو قەدتدا هەروەکو بەنێو ڕووباردا گوزەر دەکەم،
بەناو لەشتدا هەروەکو بەنێو باخچەدا گوزەر دەکەم،
هەروەکو لەنێو چیا بم،
لە چاوترووکانێکدا ڕچەیەک بەرەو خەرەند شۆڕ دەبێتەوە،
بەناو بیرکردنەوە تیژبووەکەتدا تێدەپەڕم و
کاتێکیش لە تەوێڵە سپییەکەتەوە دەردێم
سێبەرە خێراکەم هوردوخاش دەبێت،
پارچە پارچە خۆم گرد دەکەمەوە و
بەبێ جەستە تێدەپەڕم، لە شتێک دەگەڕێم پەنجەم
بەری کەوێ،

قاوشە بێ بنەکانی زاکیرە،
بەرە ساڵۆنێکی بەتاڵ دەرگاکان کراونەتەوە
کە گشت هاوینەکان تیایە بۆگەن دەبن،
گەوهەرەکانی تینوێتی لە قووڵاییدا دەبریسکێنەوە،

ڕوخسار دەبووڕێتەوە کاتێ دێتەوە یادم،
دەست هەڵدەبزڕکێ هەر کە دەستم بەری کەوێت،
قژە جاڵجاڵۆکییەی نێو هەراو هوریای
سەر زەردەخەنەی کات بەسەر تێپەڕیوو،

هەر کە لە نێوچەوانمەوە دەردێم، دەگەڕێم،
بەبێ ئەوەی شتێک بدۆزمەوە، دەگەڕێم، لە ساتێک دەگەڕێم،
ڕوخسارێک لە ڕووناکی، ڕوخسارێک لە باهۆز
بەنێو درەختە شەوینەکانتدا غار دەدات،
ڕوخسارێکی باراناوی لەنێو باخچەی شەوزەنگدا،
ئاوێکی لینج بەتەنیشتمدا خوڕەی دێت،

بەبێ ئەوەی شتێک بدۆزمەوە، لە تەنهاییدا دەنووسم،
کەسێک نییە، ڕۆژ دەکەوێت، ساڵ دەکەوێت،
لەگەڵ لەحززەیەکدا دەکەوم، دەکەومە قووڵاییی،
ڕچەیەکی نادیاری سەر ئاوێنە،
کە وێنە پارەپارە بووەکانم دووپات دەکاتەوە،
بەسەر ڕۆژگارەکاندا تێدەپەڕم،
بەسەر ساتە بەسەرچووەکاندا،
بەسەر بیرکردنەوەی سێبەرەکەمدا تێدەپەڕم،
سێبەرەکەم دەشێلم و لە لەحەزیەک دەگەڕێم،



لە مێژوویەکی زیندوو دەگەڕێم وەک باڵندە بێت،
لە هەتاوی پێنجی ئێوارە،
لەسەر دیواری تێزۆنتێل هێور دەبووەوە:
زەمەن هێشووەکانی پێدەگەیاند و
کاتێکیش دەکرانەوە لەنێو هەناوە پەمەییەکانیدا
کیژان دەردەچوون و دەڕژانە حەوشە بەردڕێژەکانی قوتابخانەوە،
بەرز چەشنی پایز، ڕەوتی دەکرد و بەڕووناکی ژێر
کەوانەکاندا پێچرابووەوە، فەزا دەوری دەدا و
پێستێکی زێڕین و کاڵیشی دەکردە بەر،
پڵینگی ڕووناکی ڕەنگ،
کەڵەکێوی بۆری دەورووبەری شەو،
کیژی چاوپێکەوتوو، بەسەر بالکۆنە کەسکەکانی
باراندا
نووشتابووەوە،
ڕوخسارێکی هەرزەکار و لە ژمارە نەهاتوو،
ناوتم فەرامۆش کرد، مێلوسینا،
لۆرا، ئیزابێل، پێرسێفونا، ماریا،
خاوەن هەموو ڕوخسارێکە و بێ ڕوخسارە،
هەموو زەمەنێکی و هیچیشیانی،
لە درەخت دەکەیت و هەروەها لە هەوریش،
تۆ هەموو باڵندەیەکی و ئەستێرەیەکیشی،
هەر بەنووکی شمشێر دەکەیت و

بەپیاڵەیەکی خوێنی دەستی جەلادیش دەکەیت،
لاولاویت و دەخشێی، ڕۆح دادەپۆشی و ڕەگی
هەڵدەکێشی و لە خۆی جودای دەکەیتەوە،

نووسینی گڕ لە سەر گەوهەر[1]،
درزی نێو تاشەبەرد، شازادەی ماران،
کۆڵەگەی هەڵم، کانیی نێو گاشەبەرد،
سێرکێکی مانگین، دەنووک لێدانی هەڵۆ،
دەنکی ئانیس[2]، دڕکێکی بچووک و
کوشندە کە ئازاری نەمر دەبەخشن،
شوانی نێو دۆڵە ژێر ئاوییەکان و
پاسەوانانی دۆڵی مردووان،
ستوون بۆ پاڵپشت بەرەو خەرەندی گێژبوون
خواردەبێتەوە،
ڕووەکی خشۆک، ڕووەکی ژەهراوی،
گوڵی قیامەت، ترێی ژیان،
خانمی نەیژەن و ڕووناکی،

(1) لە تێکستەکەی پاش ، مەبەست لە (jade)ە کە عارەبیش(یشم یا یشب)ی پێ دەوترێت کە ڕەنگبێ ڕەچەڵەکی ئەم وشەیەش عبری یا فارسی بێ، هەروەکو مونجید ئاماژەی بۆ دەکات؛ کە بەردێکی نایابی زۆر ڕەقە، ڕەنگی لەنێوان سەوزی زەیتوونی و سەوزی زۆر تێر دایە. (وەرگێڕ)
(2) دەنکی ئەنیس، یا ئانیس،(ANIS)، وشەیەکی یۆنانییە، شێوەی ئەستێرەی هەیە، بۆنخۆشە، دەکرێتە گیراوەی ئەلکۆلەوە و هەروەها دەکرێتە ناو هەندێ نوقڵیشەوە، وەکو" گوومشکە"... هتد. (وەرگێڕ).



هەیوانی یاسەمین، خوێی نێو برین،
دەسکێ گوڵەباغ بۆ گوللەباران کراو،
بەفری مانگی ئاب، مانگی قەنارە،
نووسینی دەریا لەسەر بازلت،
نووسینی با لەسەر بیابان،
وەسییەتی هەتاو، هەنار، گوڵەگەنم،

ڕوخساری مەشخەڵ، ڕوخساری قووت دراو،
ڕوخساری هەرزەکاری هەڕەشە لێکراو،
ساڵانی تارمایی، ڕۆژانی بازنەیی
کە دەڕواننە هەمان حەوشە، هەمان دیوار
سات گڕ دەگرێت و تەنها ڕوخسارێکە
ڕوخسارە یەک لە دوای یەکەکانی مەشخەڵ،
هەموو ناوەکان تەنها ناوێکن،
هەموو ڕوخسارەکان تەنها ڕوخسارێکن،
هەموو سەدەکان تەنها ساتێکن و
بۆ هەموو سەدەکانی سەدەکانیش
جووتێ چاو ڕێ لە داهاتوو دەگرن،

کەس بەرامبەرم نییە، تەنها ساتێک نەبێت
کە ئیمشەو بەرامبەر
بەخەونی سواریەکتربووی نێو خەونێ گۆڕایەوە،

بەسەختی لەنێو وەنەوزدا تاشرا،
ئیمشەو لە عەدەمدا هەڵکێشرا،
بەهێزی مست وشە بەوشە بەرز کرایەوە،
لە کاتێکدا لە دەرەوە زەمەن خۆی دەپێچێتەوە و
لە دەروازەکانی ڕۆحیشمدا،
بەساتە دڕندەییەکانی لە جیهان دەدات،

لە ساتێک زیاتر نییە کاتێ کە شار و
ناو و تام و چێژ و ڕابردوو،
لەسەر هەنییەی کوێرمدا هەرەس دەهێنن،
کاتێ کە بارستایی شەوی کوشندە
ئابڕووی بیرکردنەوە و هێسک و پلووسکەکانم دەبا و
خوێنم هێوڕ هێوڕ ڕچە دەبەستێ و
دانەکانم ڕووت دەبنەوە و چاوانم خۆیان دەشارنەوە و
سامناکی بەتاڵی ڕۆژان و ساڵان کۆدەبنەوە،

کاتێک کە زەمەن پەروانەکانی دادەخات و
کەسێک لەپشت وێنەکانییەوە نییە،
سات بەرەو خەڕەند غلۆر دەبێتەوە و سەرئاو دەکەوێت،
بە مردووان دەور دەدرێت، شەو هەڕەشەی لێ دەکات و
هەڕەشەی لێ دەکات باوێشکی غەمگینی،
هەڕەشەی لێ دەکات قسەی هیچ و پووچی



مەرگی زیندوو و دەمامکدراو،
سات بەرەو خەڕەند شۆڕ دەبێتەوە و ڕۆ دەچێ،
وەک چۆن مستێ دادەخرێ، وەک چۆن
مێوەیەک بەرە ناوەوەی خۆی پێدەگات و
خۆی دەخواتەوە و دەڕژێتە خۆیا،
ساتی ڕوون دادەخرێت و
بەرەو ناوەوەی خۆی پێدەگات، ڕەگەکانی توڕ
هەڵدەدات،
لە ناوەوەی مندا گەشە دەکات، هەمووم داگیر دەکات،
گەڵاکانی بەوڕێنەوە دەورم دەدەن،
تەنها بیرکردنەوەکانم باڵندەی ئەون،
جیوەکانی لەنێو دەمارەکانمدا دەگەڕێن،
درەختی زیهن، مێوە تام و چێژی زەمەنی هەیە،
ئەی ژین بۆ ژیان کردن و لەمەو پێش ژیاو،
زەمەن وەکو کشانی دەریا دەگەڕێتەوە و
دەگەڕێتەوە بەبێ ئەوەی ڕوخساریشی وەرچەرخێنێ،
ئەوەی ڕووی دا ڕووی نەداوە بەڵام خەریکە دێ و
بەهێواشیش بەسەر ساتێک دەکرێتەوە کە
دەبووڕێتەوە:

بەرامبەر بەئێوارەی بەرد و باروت
بەچەقۆی نادیار چەکدارم

نووسینێکی سوور ناخوێندرێتەوە
لەسەر پێستم دەنووسی و برینەکانی
وەکو بەرگی گڕ دامدەپۆشن،
دەسووتێم و تەواو نابم،
لە ئاو دەگەڕێم و
لە چاوانی تۆدا ئاو نییە، بەرد هەیە،
مەمکۆڵەکانت، سکت، بازووت بەردن،
زارت تامی تەپ و تۆزی هەیە،
زارت تامی زەمەنی ژەهراوی هەیە،
جەستەت تامی بیری بێ بنی هەیە،
قاوشی زاکیرەن کە
چاوانی یەکێکی تینووی تیا ڕەنگ دەداتەوە،
قاوشێ کە هەمیشە کۆتاییەکەی دەبێتەوە سەرەتا و
کوێرم، لەو قاوشە لەبن نەهاتووانە،
تۆش دەستت گرتووم و
بەرەو چەقی بازنە و وەکو بریسکەیەک هەڵدەگژێی و
وەکو مەشخەڵ ڕەق هەڵدەگەڕێی،
وەکو ڕووناکییەک کە دادەماڵێ، ئەفسووناوی
هەر وەکو قەنارەیەک بۆ تاوانبارێک هەڵواسرابێت،
شل و خاو هەر وەکو قامچییەک و زراف
هەر وەکو چەکێکی جمکانەی مانگ،
قسە تیژەکانت سینەم کون دەکەن، بەتاڵم دەکەن،



یەک بە یەک یاداشتەکانم هەڵدەقەنن،
ناوی خۆم لە بیرکرد، هاوڕێکانم
لەنێو بەرازاندا دەمرخێنن یا
هەتاو لەنێو ڕۆخانەدا هەلاهەلایان دەکات،

لە مندا تەنها برینێکی هەراش زیاتر هیچی تر نییە،
چاڵاییەک کەسێک هاموشۆی تیا ناکات،
ئێستایەکی بێ دەلاقە، بیرکردنەوەیەک
کە دەگەڕێتەوە، خۆی دووپات دەکاتەوە،
ڕەنگ دەداتەوە و
لەنێو ڕوونی خۆیدا ون دەبێت،
هۆشیارییەک لەلایەن چاوێکەوە کون دەکرێ کە
تەماشای بینینی خۆی دەکات تاکو لەناو ڕووناکیدا
دەتوێتەوە:
پوولەکە مەزنەکانی تۆم بینی،
مێلوسینا، کازێوەی بەرەونەق، سەوزباو،
تۆ خۆت لەنێو چەرچەفدا گرمۆڵە دابوو،
نووستبووی و
کاتێ هاتیتە خەبەر، وەکو باڵندەیەک جرووکە
جرووکت دەهات و
بەرەو بێ کۆتایی کەوتیتە خوارێ، سپی و
هوروخاش بوو،

جگە لە جرووکە جرووک هیچت لێ نەمایەوە و
دوای چەندین سەدە، بەکۆکەکۆک و بینینێک کز،
وێنە کۆنەکانیشم دەشێواند:
کەسێک نییە، تۆش کەس
نیت،
کۆمەڵێ سووتماک و گسکێ،
چەقۆیەکی کول و پەڕەمووچێ،
تەرمێک خۆی بەئێسقانەکانییەوە لکاندووە،
هێشوویەکی هیشک بووەوە، چاڵێکی سیا و
لە قووڵایی چاڵەکەشدا چاوی کیژۆڵەیەک
کە هەزار ساڵ دەبێ خنکاوە،

نیگایەک لە بیرێکدا زیندەچاڵ کراوە،
نیگایەک کە هەر لە سەرەتای سەرەتاوە دەمانبینێ،
نیگای مناڵی پیرە دایکێک کە
لە کوڕە گەورەکەیدا باوکێکی لاو دەبینێ،
نیگای دایکی کچێکی جێهێڵراو کە
لە باوکیدا کوڕێکی مناڵ دەبینێ،
ئەو نیگایانەی کە لە قووڵایی ژیانەوە تێمان دەڕوانن و
تەڵەی مەرگن- یا بەپێچەوانەوە: ئایا کەوتنە نێو
ئەم چاوانەوە، ئەرێ گەڕانەوە بەرەو ژیانی ڕاستەقینە نییە؟



کەوتنە خوارەوە، گەڕانەوە، خەون بەخۆوەبینین و
با چاوانی دیکەی داهاتووش خەونم پێوە ببینن،
ژیانێکی دی،
هەوری دی، مردن بەمەرگێکی دی!
-ئەم شەوەم بەسە، ئەم ساتەش بێ وچان دەکرێتەوە و
هەمیشەش ئەوەم پێ دەڵێ کە لە کوێ بووم، کێ
بووم، ناوت چییە، ناوی من چییە:
ئەرێ پرۆگرامم لە بۆ هاوین هەیە-
بۆ هەموو هاوینەکان-
لە شەقامی کریستوفەر، پێش دە ساڵ، لەگەڵ
ڤیلیس، ڕوومەت چاڵ، کە پاساری ڕۆشنایی تیا
دەخواردەوە؟
لە شەقامی ڕێفۆرم، کارمەن پێی دەوتم:" هەوا
قورس نییە، لێرە هەمیشە تشرینی دووەمە"،
یا بەیەکێکی دی وت کە من ونم کرد
یا من ئەمەم هەر بۆ خۆ هەڵبەست،
کەس شتی وای پێ نەوتووم؟،
ئایا بەنێو شەوی ئۆخاکادا گوزەر دەکەم،
زل و سەوز هەر وەک درەختێ،
وەک بای شێت بەتەنها قسەم دەکرد و
کاتێکیش دەگەڕامەوە ژوورەکەم - هەمیشەش
ژوورێک-

ئایا ئاوێنەکان دەمناسنەوە؟
ئایا لە مێوانخانەی "ڤێرنێ"وە کازێوەمان بینی کە
لەگەڵ دار شابەڕووەکاندا دەکەوتنە سەماوە–"
بەقژ شانە کردنەوە پێت دەوتم:" گەڵێ درەنگە" و
لە قەد دیوارەکانیش پەڵەم دەبینی و هیچم نەدەوت؟
ئەرێ پێکرا سەر بورجەکە دەکەوتین و
ئێوارەمان دەبینی چۆن دەکەوتنە سەر گاشەبەردەکان؟
ئایا ترێمان لە بیدارت خوارد؟،
ئەرێ یاسەمینی حیجازیمان لە پێرۆتێ کڕی؟،
ناوەکان، شوێنەکان
شەقام بەشەقام، ڕوخسارەکان، گۆڕەپانێک،
شەقامەکان،
وێستگاکان، باخچەیەک، هۆدە تەنهاکان،
پەڵەکانی قەد دیوار، یەکێ قژی شانە دەکات،
یەکێ بەتەنیشتمەوە گۆرانی دەچڕێ،
یەکێ جلوبەرگ دەکاتە بەر،
ژوورەکان، شوێنەکان، شەقامەکان، ناوەکان،
ژوورەکان،

مەدرید، ١٩٣٧،
لە گۆڕەپانی "ئەنخێل" ژنان خەریکی دورمان و
لەگەڵ زارۆڵەکانیانا گۆرانیان دەچڕی،



پاشان گوێمان لە تەقە بوو، هاوار هەڵسا،
لەنێو ئەو خانوانەی کە لەناو غوباردا هاتبوونە
سەر چۆک،
منارەکان خاپوور، نێوچەوان بەتف سواغ دراو و
گەردەلوول مەکینەکانی لەکارخستبوو:
هەردووک خۆیان ڕووت کردەوە و یەکتریان
خۆشویست
لە پێناوی ئەوەی کە بەرگری لە بەشە ئەبەدییەکەمان بکەن،
لە پێناوی ژەمێکی زەمەن و ژەمێکی بەهەشت،
بۆ ئەوەی دەست لە ڕەگەکانمان بدەین و
جارێکی دیش خۆمان خۆمان غەزوو کەین،
میراتە قەپێندراوەکانمان چنگ کەوێتەوە
کە هەزاران سەدەیە کەوتۆتە دەست جەردەکانی ژیانەوە،
هەردووک خۆیان ڕووت کردەوە و ئاوێزانی یەکتر بوون،
چونکە ئەوانەی کە ڕووت بوونەتەوە باوەش بۆ یەک دەکەنەوە
باز بەسەر زەمەندا دەدەن و هیچ شتێک کاریان تێ ناکات،
کەس زەفەریان پێ نابات، دەگەڕێنەوە سەرەتای سەرەتا،
نە تۆ هەیت و نە من، نە سبەینێ نە دوێنێ دەمینێ نە ناو،
نە دوو حەقیقەتیش لە جەستە و ڕۆحێک دەبێ،
ئای بۆ بوونێکی تێکڕا...
ژوورەکان لەنێوان ئەو شارانەی کە
شاقوولیانە دادەچۆڕن، بێ ئامانج غل دەبنەوە،

ژوور و شەقام ناو و برین،
ژوورە پەنجەرە دارەکان دەڕوواننە ژووری تر،
لەگەڵ هەمان کاغەزی ڕەنگ هەڵبزرکاوی قەد دیوارەکان
کە پیاوێک بەکراسێکەوە خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوەیە و
ژنێک خەریکی ئوتوو کردنە؛ ژوورەکە ڕووناکە و
لقی دارهەڵووژەکەش سەر لە ژوورەکە دەدات؛
ژوورەکەی تریش: دەرەوەش هەمیشە بارانە و
حەوشەیەک و سێ مناڵیش ژەنگیان هەڵهێناوە؛
ژوورانی تر پاپۆڕن لە قەراغ کەنداوێک ڕووناکی دەلەرێنەوە؛
ژوورانی ژێردەریا:
بێ دەنگی بەشەپۆلی سەوز بڵاودەبیتەوە،
دەس لە هەر چییەک دەدەین فسفورئاسا پزیسک دەهاوێژێ؛
مەزارێکی کەشخە، پۆرترێتە کاڵبووەوەکان،
بەرەی سوواو و تەڵە و شانە و ئەشکەوتە ئەفسووناوییەکان،
کۆلان و ژوورە ژمارەدارەکان،
هەموو شتێک تووشی گۆڕان دێت، هەموو شتێک دەفڕێ،
هەموو نەخشە دەرپۆقیوەکان هەورن،
هەموو دەرگاکان دەڕوواننە دەریا، کێڵگەکان، هەوا،
هەموو مێزێک هەراوبەزمە، وەکو قاقلەجنۆکە داخراون،
زەمەن بێ هودە ئابلۆقەی دەدات،
نە زەمەن هەیە و نە دیوار: فەزا، فەزا، دەست بکەرەوە،
ئەم زەنگینییە دەسکەنە کە، مێوەکان لێکەرەوە،



ژیان بخۆ، لەژێر ئەو درەختە هەڵکشێ،
ئاو بخۆرەوە!،
هەموو شتێک تووشی گۆڕان دێت، هەموو شتێک پیرۆزە،
هەموو ژوورێ چەقی ژیانە،
شەوی یەکەمە، ڕۆژی یەکەمە،
جیهان لە دایک دەبێت کاتێک هەر دووک یەکتر ڕادەمووسن،
زەنگوڵە ڕووناکی لە هەناوی شەفافییەت دا
ژوورەکە وەکو مێوەیەک درز دەبات
یا شەق دەبات وەکو ستارەیەکی بێ دەنگ و
ئەو یاسایانەی کە جرج کرۆژتوونێتی،
دیوارە شیشبەندەکانی بانق و زیندانەکان،
هێڵی کاغەز، تەڵبەندەکان،
مۆرەکان، دڕک و نووک تیژەکان،
ڕاوێژی چەکە یەکژێییەکان،
دووپشکە هەنگوینییەکانی بۆنێت[3] لەسەر،
پڵنگێک چیستێرا[4] لەسەر، سەرۆکی یانەی
ڤێژیتاریان[5] و خاچی سوور،

(3) (bonete) بە ئیسپانی و (barrette) بە فەرەنسی بەجۆرە کڵاوێک دەوترێت کە کاتی خۆی پیاوانی کلێسا دەیانکردە سەر؛ سێ و چوار شاخی هەیە. (وەرگێڕ).

(4) (chistera) بە ئیسپانی و (gibus) بە فەرەنسی بەجۆرە کڵاوێک دەوترێت کە شێوەیەکی هەرەمی هەیە و هەر لە سپیرینگیش دەکات. (وەرگێڕ).

(5) بەو کەسانە دەوترێت کە گۆشت ناکەنە خواردنەکانیانەوە، بەڵام شیر و کەرە و هێلکە و هەنگوین دەخۆن. (وەرگێڕ).

گوێدرێژی موعەلیم، تیمساح گەمەی قوربانی بەخۆدان دەکات، باوکی میللەتان، سەرۆک، کۆسەماسی،

ئەندازیاری دواڕۆژ، بەرازێکی بەجلوبەرگی ڕەسمییەوە،

ڕۆڵە هەڵبژاردەکەی کڵێسا کە دانە ڕەشەکانی بەئاوی ستایش لێکراو دەشوا و دەرزی ئینگلیزی و فێری وانەی دیموکراتییەت دەبێت، دیوارە نادیارەکان،

دەمامکە ڕزیوەکان کە ئینسان لە ئینسان جودا دەکەنەوە،

کە ئینسان لە خۆشی جودا دەکاتەوە،

هەرەس دەهێنێ لە ساتێکی مەزندا و

ئێمەش یەکێتییە ون بووەکەمان دەدۆزینەوە،

مەشەققەتی

بوون، شانازی کردن بەبوون، دابەشکردنی نان،

خۆر، مەرگ،

ترسی فەرامۆش کردنی ژیان؛

خۆشەویستی خەبات کردنە، جیهان تووشی گۆڕان دێت

کاتێک دوو عاشیق ئامێز بۆ یەکتر دەکەنەوە، قەوارە بەئارەزوو دەدەن،

بیرکردنەوە قەوارە وەردەگرێت، باڵ لەسەر ئەستۆی کوێلە دەڕسکێ، جیهان ڕاستەقینەیە و

درک پێکراوە، مەی مەیە،

نان تامی خۆی دەدۆزێتەوە، ئاو ئاوە،

خۆشەویستی خەبات کردنە، دەرگا کردنەوەیە،



ڕەفزکردنی ئەوەیە ببیتە تارمایی و ژمارەیەک

بەزریزە هەتاهەتاییەکان لەلایەن خاوەندارێکی بێ ڕوخسار مەحکوم کرابێتی؛

جیهان تووشی گۆڕان دێت کاتێک

دوو ئینسان تەماشای یەکتر دەکەن و یەکتر دەناسنەوە،

خۆشەویستی خۆ لەناو قوتارکردنە:

"ڕوخسەتم بدەرێ کە ببمە سۆزانیی تۆ،" ئەمە قسەکانی

"ئێلۆیسا"[6] یە، بەڵام دەستبەرداری یاساکان بوو،

بەهاوسەر قبووڵی کرد و خەساندنیش بوو بە

پاداشتی؛

تاوان چاکترە،

ئەو عاشیقانەی کە خۆ دەکوژن، دەست درێژەکردنی برا بۆ خوشک، وەکو نەینۆکە عاشقەکانی هاوچەشنی خۆیان،

چاکترە نانی ژەهراوی بخۆن،

داوێنپیسی سەر دۆشەکی خۆڵەمێش،

عیشقی دڕندە، وڕێنە،

لاولاوەی ژەهراوین، نێرباز وەکو

مێخەکێکی گۆپکە کردوو تف لە ڕوو، چاکترە

لەو مەیدانەی کە نەعوور دەگەڕێ ڕەجم بکرێی،

(6) برازای فلۆبێری کاهینە. بەعیشقی بۆ ئەبیلار ناوبانگی دەرکرد. لە عاشقی دونیەویە دەبێتە کاهین و ڕوو لە خودا دەکات. ئەو نامانەی کە بۆ ئەبیلاری دەنێرێت پڕییەتی لە سۆز و میهرەبانیی. بۆ زیاتر ئاگاداریش ئەو نامانە بەلاتینی نووسراون. (وەرگێڕ).

ئەو نەعوورەی کە باسی جەوهەری ژیان دەکات،
ئەبەدییەت بەچەند سەعاتێکی قوپاو دەگۆڕێتەوە و
خوولەکەکانیش بەزیندان، زەمەنیش بەپارچە مس و بەپۆخڵەواتێکی
موجەڕەد؛

پاکیزەیی لە هەموو شتێ چاکترە، گوڵە نادیارەکان کە
بەسەر قەدی بێ دەنگەوە دەلەرێنەوە،
بەردەنایابە سەختەکانی پیران کە ئارەزوو لە بێژنگ دەدەن، خۆ تێر زەمەن
دەکات،
جووتبوونی هێمنی و بزووتنەوەیە،
تەنهایی لەناو هەڵاڵەدا گۆرانی دەچڕێ،
هەموو سەعاتێک پەڕەی گوڵێکە لە کریستال،
جیهان خۆی لە ماسکەکان خاوێن دەکاتەوە و
لە چەقەکەشی شەفافییەتێکی لەراوە هەیە،
کە ئێمە ناومان ناوە خوداوەند، بوونێکی بێ ناو،
لەناو عەدەمدا لە خۆی ورد دەبێتەوە،
بوونەوەرێکی بێ سیما لە خودی خۆیدا شکۆفە دەکات،
هەتاوی هەتاوانە،
ئارامیی ئێستا و ناوەکانە،
لەسەر وڕێنەکانم دەڕۆم، ژوورەکان، شەقامەکان،
بەوریاییەکی لە ڕادەبەر بەتەنگەبەرەکانی زەمەندا
تێدەپەڕم و بەپەیژەکانیا سەردەکەوم و دێمەخوارێ و



دەست لە دیوارەکانی دەدەم و ناجوولێمەوە،
دەگەڕێمەوە شوێنی سەرەتا، لە ڕوخسارت دەگەڕێم،
بەشەقامەکانی خودی خۆما تێدەپەڕم،
بەژێر هەتاوێکی بێ تەمەن و تۆش بەتەنیشتمەوە
وەکو درەختێ هەنگاو دەنێیت، وەکو ڕووبارێ دەمدوێنی،
هەروەکو گوڵەگەنمێ لەناو چنگمدا گەشە دەکەیت،
هەروەکو سیمۆرەیەک لەنێو چنگمدا هەڵدەلەرزیت،
وەکو هەزاران باڵندەش هەڵدەفڕی، پێکەنینەکەت
وەکو کەف دامدەپۆشێ، سەرت لەنێو دەستمدا
ئەستێرەیەکی بچووکە، دونیا سەوز دەچێتەوە کاتێ
کە تۆ بەپرتەقاڵ خواردنەوەوە بزەیەک دەتگرێ،
جیهان تووشی گۆڕان دێت کاتێک
دوو عاشق، وڕوگێژ تێکئاڵاون، دەکەونە سەر چیمەنەکە:
ئاسمان دێتەخوارێ،
درەختەکان هەڵدەستنەوە، فەزاش تەنها ڕووناکی و بێ دەنگییە،
فەزا هەڵۆی چاوانی دەکاتەوە،
قەبیلە سپییەکانی هەور تێدەپەڕن،
جەستە زنجیرەکانی دەقرتێنێ،
ڕۆح لەنگەرەکەی بەرز دەکاتەوە،
ناومان بزر دەکەین و سەر ئاو دەکەوین و
بەنێو شینایی و سەوزاییدا بێ دەسەڵات غل دەبینەوە،
زەمەنێکی دارماڵ کە هیچ ڕوو نادات تەنها

ڕێڕەوە بەختیارییەکەی خۆی نەبێت،

هیچ ڕوو نادات، بێدەنگ دەبیت، پێڵوەکانت لە یەک دەدەیت

(بێ دەنگی: پەرییەک ئەم لەحزەیەی بڕی، درێژتر لە تەمەنی سەدان هەتاو)،

ئەرێ لە ترپە ترپی پێڵوەکان زیاتر شتێکی تر هەیە؟

– گۆبەندیش، پەناهەندەیی، توانای یەکەم،

شەویلاگەی کەر، هەراوزەنای تەڵخ و

نیگاکانی بێ باوەڕی مەرگ کە

دەکەونە سەر دەشتاییەکانی خۆڵەمێشین،

ئاگامەمنوون[7] و بۆڕەبۆڕە زلەکەی و هاوارە دووپات بووەکەی کەساندەرا[8] گەلێ بەگوڕترە لە هاواری شەپۆل،

سوقرات دەست و پێ بەند (هەتاو هەڵدێ، مردن هاتنەوە هۆشە:"کریتۆن[9]، کەڵەبابێک بۆ ئیسکولاپ[10]،

ئا ئەوەتە لە ژیان چاک بوومەوە..)،

چەقەڵ لەنێو کەلاوەکانی نەینەوا[11] دا دەخولێتەوە، ئەو سێبەرەی کە

(7) کوڕی ئارێ و برای مینولاس بوو، دەبێتە پاشای میسین و ئارگۆس. پاش کەوتنی شاری تەروادە دەگەڕێتەوە میس، لەلایەن کلیمنیسترا هاوسەر و ئۆکستی دۆستی هاوسەرەکەی دەکوژرێت. (وەرگێڕ).

(8) کاسەندەرا: کوڕی ئەنتیاووسی مەکەدۆنییە. (٢٩٧ –٣٥٤ پ.ز). (وەرگێڕ).

(9) یەکێک بوو لە دەوڵەمەندەکانی ئەسینا، هەروەها قوتابی سوقراتیش بوو. (وەرگێڕ).

(10) کوڕی ئەپۆلۆن و هەروەها خوداوەندی پزیشکسازییە. نەخۆش و مردووانی چاک دەکردەوە. ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆنە. (وەرگێڕ).

(11) مەبەست لە نەینەوای میزۆپۆتامییە. (وەرگێڕ).



بریتووس[12] لەپێش جەنگ بینی،

مۆکتێسوما لەسەر دۆشەکی دڕکینی شەونخوونیدا، سەفەر بەگالێسکە بەرەو مەرگ

– سەفەری بێ کۆتاییەکەی ڕۆبسپێر[13]،

کە دەقە بەدەقە پێوراوە،

لەنێو دەستیدا شەویلاگەکەی هورد و هەڕاش بوو،–

چورکوا لەناو بەرمیلەکەیدا هەروەکو ئەوەی کە لەسەر عەرشی ئاڵ بێت، هەنگاوە ڕێکوپێکەکانی لێنکۆلن[14]

کاتێ کە بەرەو شانۆ دەچوو،

گیاندانی ترۆتسکی و سکاڵا بەرازکێویە ئاساکەی،

مادێرۆ[15] و گشت ئەو هەموو تەماشایانەی کە کەسێ نەبوو لێێ تێ بگا: ئەرێ بۆچی دەمکوژن؟

"ناوەکانی خودا"، سکاڵا، بێ دەنگییەکانی تاوانبار،

هی پیر،

هی شەیتانی بەسزمان، گۆڕستانی ڕستە و ئەو

نوکتانەی کە لە

(12) قارەمانێکی چاخە کۆنەکانە. شارەکانی ڕۆمی داگیرکرد و ڕژێمی کۆماری دامەزراندووە. (وەرگێڕ).

(13) یەکێکە لە سەکردەکانی شۆڕشی فەرەنسا، پیاوێکی یاسایی و سیاسی بەناوبانگە. (١٧٥٨– ١٧٩٤). (وەرگێڕ).

(14) مەبەست لە ئەبرەهام لینکۆڵن (١٨٠٩ –١٩٦٥)، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. (وەرگێڕ).

(15) سیاسییەکی مەکسیکییە (١٨٧٣–١٩١٣)، لە مەکسیک لە دایک دەبێت و هەر لە هەمان شاریشدا دەکوژرێت. دژایەتی لەگەڵ دیازی ژەنەراڵ کە لە ساڵانی ١٩١١–١٩١٣ سەرۆکی کۆماربوو، دا هەبووە. (وەرگێڕ).

سەگی ڕەوانبێژی دەگەڕێت، وڕێنە، حیلەحیل، هاواری تاریک کە لە کاتی
گیانداندا دەیکەین و هەناسە بڕکێی ژیان کە لە دایک دەبێت و دەنگی
ئێسقانی هاڕاوی نێو شەڕوشۆڕ و
دەمی کەفاوی پێغەمبەر و هاواری ئەو و هاواری جەلاد و هاواری
قوربانی...

چاوان مەشخەڵن و مەشخەڵن ئەوانەی کە
دەڕوانن،
گوێ مەشخەڵە، دەنگ مەشخەڵە،
لێوان پەنگرن، زمان ژیلەمۆیە،
دەستلێدان و ئەوەی دەست لێدەدات، بیرکردنەوە و ئەوەی بیری
لێدەکرێتەوە، مەشخەڵە ئەوەی بیردەکاتەوە،
هەموو دەسووتێن، گەردوون مەشخەڵە و
عەدەمیش خۆی دەسووتێنێ کە هیچ نییە تەنها بیرکردنەوەی مەشخەڵ
نەبێت، پاشانیش دوکەڵ:
نە جەلاد هەیە و نە قوربانی...

هاواریش،
لە ئێوارەی هەینی دایە؟ بێ دەنگیش
کە بەهێما دادەپۆشرێ، بێ دەنگی کە
بەبێ وتن شت دەڵێ، ئەرێ شتێک دەڵێ؟
هاواری ئینسان هیچ نییە؟
کاتێ زەمەن تێدەپەڕێ هیچ ڕوو نادات؟

– لە ترپەترپی پێڵوەکانی هەتاو زیاتر هیچی تر نییە،



بەئاستەم بزووتنەوەیەک، هیچ، گەردن ئازادی نییە،
زەمەن بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە،
مردووان لەنێو مەرگیاندا چەقیان بەستووە و
ناتوانن جارێکی دی بمرنەوە، کەس ناتوانێ دەستیان لێدات،
هیشک بوونەتەوە، هەر لە تەنهاییانەوە، هەر لەو سەردەمەی کە تووشی
مەرگی بێ هەتوان هاتن، تەماشامان دەکەن بەبێ ئەوەی تەماشامان بکەن،
مەرگیان بۆتە پەیکەری ژیانیان،
ئەبەدییەتێک کە دەمێکە عەدەمە،
دەقەیەک بۆ هەتاهەتایی هیچ نییە،
پاشایەکی تارمایی سەرداربی ترپەترپەکانت دەکات و دوا بزووتنەوەکانت،
دەتاشێ، دەمامکەکەت ڕەقە لە سەر ئەو دەم و چاوەیەی کە دەگۆڕێ:
ئێمە پەیکەری ژیانێکی غەریبین، ئەوەی نەژیا، بەئاستەمیش هی مەیە،

– ژیان، ئەرێ کەی بەڕاستی هی ئێمە بووە؟
کەی ئێمە ئەوەین کە هەین؟
لە هەققەتدا، بەتەنها، ئێمە نین، هەرگیزیش نابین،
یا ئەوەتا وڕبوون و بەتاڵییە،
ڕوخسار گرژکردن لە ڕووی ئاوێنە، سامناکی و هێڵنج دانە،
هەرگیز ژیان هی مە نەبووە، هی ئەوانی دییە،
ژیان هی کەس نییە، ئیمە هەموو ژیانین– نانی هەتاو بۆ هیترانە، گشت
ئەوانەی کە ئێمەین،
یەکێکی ترم کاتێ کە خۆم و کردەوەکانم
نابنە هی من کاتێ دەبنە هی هەمووان،

بۆ ئەوەی ببم پێویستە ببمە یەکێکی تر،
دەرچوون لە خودی خۆم، گەڕان لەنێو ئەوانی تردا،
ئەوانی تریش بوونیان نابێ کاتێ کە من نەبم،
ئەوانی دی ژیانم پێ دەبەخشن،
من بوونم نییە، من بوونی نییە، هەمیشە ئێمەین،
ژیان شتێکی دییە، هەمیشە لەوێندەرێیە، دوور،
لە دەرەوەی تۆ، لە دەرەوەی من، هەمیشە ئاسۆ،
ژیان تووشی گۆمڕاییمان دەکات و لە خۆمانمان جودا دەکاتەوە،
ڕوخسارێکی ترمان بۆدەتاشێ و دەیسوێ،
برسێتی بوون، ئای مەرگ، نانی گشت،

ئیلۆیس، پێرسێفۆنا[16] ماریا، دە ڕووت دەرخە بۆ ئەوەی
ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆم ببینم، ئەوەی ئەوانی دی،
ڕوخساری منی ئەوان کە هی هەمووانە،
ڕوخساری درەخت و نانەوا،
ڕوخساری شوفێر و هەور و دەریاوان،
ڕوخساری هەتاو و جۆگەلە و پیدرۆ و پابلۆ،
ڕوخساری تەنهای کۆ،
هۆشیارم کەرەوە، وا لە دایک دەبم:
ژین و مەرگ لە تۆدا پەیمان

(16) پیرسێفۆنا: یا کوڕی" کیژی دیمیتی و زیوبسە"، هادی هەڵیدەگرێت و دەیکاتە شازادەی دۆزەخ بە مەرجێ، ساڵی شەش مانگ بگەڕێتەوە سەر زەمین، هەر لە سەرەتای بەهارەوە بۆ کۆتایی پایز. بە قۆناغی خێروبەرەکەت دەناسرێتەوە. (وەرگێڕ).



دەبەستن، خانمی شەو، بورجی ڕۆشنایی، شازادەی کازێوە،
عەزرای مانگێن، دایکی دایکە- ئاو،
جەستەی دونیا، مەنزڵی مەرگ،
هەر لە دایکبوونمەوە دەکەومە خوارێ،
دەکەومە ناوی خۆم و دەست لەبنی خۆم نادەم،
بەچاوانت بمگرە ئامێز، غوباری پەرت و بڵاو کۆبکەرەوە و
لەگەڵ سووتماکەکەم ئاشتکەرەوە،
ئێسقانە لێکترازاوەکانم گرێ بدە، فور بکەرە زاتمەوە،
لە خاکی خۆت بمنێژە، بەهێوای ئەوەی کە بێدەنگیت ئاشتی ببەخشێتە بیرکردنەوەم کە دژ بەخۆی ڕاوەستاوە؛
دەست بکەرەوە،
خانمی تۆ کە ڕۆژن،
ڕۆژی نەمر، بەرز دەبێتەوە، نەشوما دەکات ،
کە تازە لە دایکبووە و هەمیشەش،
هەموو ڕۆژێک لە دایکبوونەوەیە و لە دایکبوونەوەی کازێوەیە و منیش دێمەوە ئاگا،
هەموو دێینەوە ئاگاو هەتاو هەڵدێ،
ڕوخساری هەتاو، یۆحەنا هەڵدەستێ و ڕوخساری یۆحەنای هەیە، ڕوخساری هەمووانە

دەرگای بوونە، بمهێنەوە ئاگا، ببە بەبەیان،
بهێلە با ڕوخساری ئەم ڕۆژە ببینم،

بهێڵە با ڕوخساری ئەم شەوە ببینم،
هەموو شتێ لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕان دان،
کەوانی خوێن، پردی ترپەترپ،
بەرەو دیوەکەی تری ئەو شەوە ڕاپێچم کە،
بۆ ئەو شوێنەی کە تۆم، کە ئێمە هی ترانین،
بەرەو شانەشینی ڕاناوە ئاڵۆزکاوەکان،

دەرگای بوون: بوونت بکەرەوە، هەڵسە،
هەروەها فێری بوون بە، ڕوخسارت بتاشە،
ئیش لەسەر خەتەکانی بکە، چاوانی دی بدۆزەوە بۆ ئەوەی تەماشای
ڕوخسارم بکەیت و سەیری ڕوخسار بکەم،
بۆ ئەوەی تاکو مردن سەیری ژیان بکەین،
شێوەی زەریا، شێوەی نان، هی گابەرد و حەوز،
کانییەک کە ڕوخسارەکانمان لەناو ڕوخساری بێ ناوێک شی دەکاتەوە،
بوونەوەرێکی بێ ڕوخسار،
ئێستای ئێستاکانی بەدەر لە وەسف...

دەمەوێ بەردەوام بم، دوورتر بڕۆم و ناتوانم:
لەحزە بەلەز دەچێتە لەحزەیەکی تر و ترەوە،
بەخەونەکانی بەرد نووستم کە خەون نابینن و
لە سەرەتای ساڵانیش هەر بەبەرد دەچن
گوێم لێ بوو کە گۆرانی بۆ خوێنە حەپس بووەکەم دەچڕی،



زەریا بەهەراوزەنای ڕۆشنایی گۆرانی دەوت،
شوورەکان یەک لە دوای یەک چۆکیان دا،
هەموو دەروازەکان هەرەسیان هێنا و
هەتاو بۆ ڕام بەهەڵەداوان بەژێر هەنییەمدا غاری دەدا،
پێڵووە داخراوەکانمی دەکردەوە،
زاتی لە قەپێلغ دادەماڵی،
منی لە خۆم دادەپاچی، منی لە وەنەوزی گەمژەی بەردینی
چەندین ساڵە جودا دەکردەوە و جادووی ئاوێنەکانی
شۆڕەبییەکی کریستالینی دەبوژاندەوە، چنارێکی ئاوین،
فوارەیەک کە با دەیچەمێنێتەوە،
درەختێکی جوان چێنراو هەمیشە سەما دەکات،
ڕچەی ڕووبارێ کە دەچەمێتەوە،
پێشدەکەوێ، دەکشێتەوە، لار دەبێتەوە و
هەمیشەش هەر دەگا:

مەکسیک ١٩٥٧

# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

تکا لە نووسرانی بەڕێز دەکەین:

*بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیان لە دەزگای ئاراس تکایە ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:*

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)



بۆ نموونە: **یار** – yar

- **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.
- **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

- **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

- **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر.**

**دەستنووس. دەسبازی. ولاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە.**
**پێنجشەممە. یەکسەر. راستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.
وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.
وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**
هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:
ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**
یارمجە: **یارمجەیی.**
تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**
شنۆ: **شنۆیی.**
ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**
لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:
سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**
کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**
ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.
وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیڤسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:
**جوان: جوانتر – جوانترین.**
**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.
وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.
ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.



وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤڕۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:
١- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:
**چیا: چیایەک.**
**زەوی: زەوییەک.**
**وێنە: وێنەیەک.**
**دێ: دێیەک.**
٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک – لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.
**خانوو: خانووێک، خانووەک**
**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).
**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)
ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:
دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).
ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).
وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).
ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).
(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.
وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)
١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:
* چاوگ:
**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشـــاو. هەڵنەکـشــا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگـــرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگـەر جـێناوی لکاو کـەوتە نێـوان پێـشگر و فـرمـانەکـەی دوای خۆی ئەوا بـەجـیـا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنداینەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگـەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشـەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهــاتن. یەکگرتن. دەســخــستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامـرازی (ش)ی تەئکیـد کـەوتە هـەر شـوێنێکی وشـەوە دەبێ بە بەشـێک لە وشـەکە و نـابێ بە هۆی لەتبوونی وشـەکە. وەک: **بشـتـەوێ ناتـدەمێ. نەشـخۆی**. گـوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**